# هەڵبژاردن و ئەگەرەکان لە عێراق دا



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دیارە تا ئێستە بە رەسمیی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانـــی هەرێمی کوردســـتان رانەگەیەنراوە. بەڵام هەر لایەن و قەوارەیەکی سیاســـی تـــا رادەیەك لە خۆی دەگا و دەزانـــێ حاڵـــی چۆنەو رێژەکەی بـــە بەراورد بە هەڵبژاردنـــی٢٠١٠/٣/٧ (بـــۆ ئەنجومەنـــی نوێنەران) و هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١ (بۆ هەرێمی کوردستان) هەڵکشاوە یان داکشـــاوە. ئا ئەوەتا دەبینین راوێژ و بیرورِاگۆرِینەوەو زانینی بنزمانی یەکدی و دەســـتی یەکدی کەشفکردن و تـــا بە راوە رێوی لەگەڵ یەکـــدی و کاکە برالەش دەگات دەستی پێکردووە. رەنگە هەندێ کەس بڵێن هەر لە ئێستاوە بەرەکان دیارن و لێکبوونەتەوەو بەسەر دوو قۆڵی سەرەکیدا دابـــەش بوون. لێ وەك ســـەرنج دەدرێ ناوماڵی هیچ کام لە ســـێ پێکهاتە ســـەرەکییەکەی عێراق: شیعەو سوننە و کورد تۆکمەو پتەو نییەو ئەو رایە هێشـــتا ساغ نەبۆتەوەو سەنگەرەکان لەناو یەکداو تێکەڵ و پێکەڵن.

بمانـــەوێ و نەمانەوێ چ لە کوردســـتان و چ لە عێراق گۆرِانکاری بەسەر تەرازووی هێزدا دێ. ئەو گۆرِانکارییە چ ئاسەوارێکی دەبێ لەسەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی کوردســـتان، جارێ دیـــار نییەو نازانرێ بـــە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەکەوێتەوەو چۆن رەنگ لەسەر هاوپەیمانێتی و پێکهێنانی حکومەتی ئیتیحادی دەداتەوە. بەڵام بەتەنیا گۆرِانکاریی لـــە تەرازووی هێزدا لە ناوەخۆی عێراقدا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا هۆکاری یەکلاکەرەوەو گۆرِانکاری نییە. بەڵکە فاکتـــەری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش (زێتر مەبەســـتم ئەمریکایە) لەگەڵ فاکتەری ناوخۆدا کارلێك دەکەن و کێشـــەکان بە لایەکدا دەخەن. هەڵبەت دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکاش هەندەی مەبەســـتیان وەدەستهێنانی نفووز و پاراستن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیە هەمە لایەنەکانی خۆیانە، هەندە پشتیان بۆ گەلانی عێراق نەشکاوە، خەمی ئەوان سەقامگیری و تەناهی عێراق نییە، چش لە ئیرادەی خەڵك و دیموکراســـی هەر چەند ئەمریکا دەیەوێ عێراق یەکگرتوو بمێنێتەوە و سەقامگیری تێدا بێ و رێ لە تیرۆریزم بگرێ. بێشك ئەو بەرژەوەندیانەی ئەوانیش بەریەك دەکەون. ئەوە بێ لە رێکخراوی قاعیدە و رێکخراوە هاوچەشنەکانیان وەکو ئەکتەری نا- دەوڵەتی، فاکتەرێکە دەبێ حیسابی بۆ بکرێ لە لێکدانەوەی هاوکێشەکاندا، چونکە وەك دەزانرێ لە بەری رۆژئاوای عێراقدا و لە هەندێ ناوچەی دیکەی سوننەنشیندا نفووزێکی کەمیان نییە و حکومەتی ئێستەی مالیکیان تەنـــگاو کردووە. گەمەکە لـــە عێراقدا لەنێوان لایەنە هەرێمایەتـــی و نێودەوڵەتییەکاندا نەبرِاوەتەوە و هەر یەکەیـــان مۆری خۆی لەناو عێراقـــدا هەیە. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ لە دوای ٢٠٠٣ـەوە جۆرێ لە تەوافووقی پەنامەکـــی لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا لە ســـەر ئیدارەدانی ململانێ و پارسەنگ راگرتن لە عێراقدا هەبووە. قسە لەوە نییە تا چەند سەرکەوتوو بوون. پرسیار ئەوەیە لە دوای ئەم

هەڵبژاردنەشەوە داخوا لەسەر ریزکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و خوێندنەوەی بەرژەوەندییەکانی یەکتر ئەو تەوافووقە بێ دەنگە بەردەوام دەبێ؟ وڵاتانی سوننە مەزەبی ناوچەکە بە تورکیاشەوە چ قسەیەکیان دەبێ و داخوا دەتوانن هەموو سوننەکان لەژێر چەترێکدا لەبەرانبەر هژموونی شیعەدا کۆبکەنەوە، هەر لە ئێستاوە «ئیئتلافی موتەحیدون بە سەرۆکایەتیی نوجەیفی» کەوتۆتە گەڕو خەریکە سوننەکان کۆبکاتەوە؟ یان ئەمجارە چەترەکە فرەوانتر دەبێ و بە ناوی رێگرتن لە توندوتیژیی تایەفەگەری و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، هاوپەیمانێتییەکی بان مەزهەبی و نەتەوەیی (واتە لە هەندێ باڵی ناو سوننە و شیعەو کورددا) ساز دەکرێ و بەرگێکی نیشتمانی لەبەر دا دەکرێ لە بەرانبەر مالیکی دا کە زێتر مۆرکی تایەفەگەری و دەسەڵاتخوازی پێوە دیار بووەو عێراقی بەرەو تێکبەربوون و گەندەڵکاری و لێواری شەڕێکی تایەفی و دوورخستنەوەی لایەنەکانی دی لە حوکمڕانی، بردووە. ئەمریکا لەو حەلەدا چ قسەیەکی دەبێ. ئێران چ رۆڵێکی دەبێ، بەتایبەت کە وەك دەردەکەوێ، لیستی دەوڵەتی قانوون لە پێش لیستەکانی دیکەوەیەو هەر لە ئێستاوە خەریکە لیژنەیەك بۆ دانوستاندن دروست دەکات و باس لە حکومەتی زۆرینە، نەك حکومەتی تەوافووقی دەکات. داخوا هێزەکانی دیکەی شیعە (ئەنجومەنی باڵا «ئیئتلافی مواتن»و صەدرییەکان و لیستە بچووکەکانی دیکەی شیعە) هاوپەیمانێتییەکی شیعە بەدەر لە دەوڵەتی یاسا دروست دەکەن و زۆرایەتییەکیان پێ پێکدێ تا بە گوێرەی دەستوور بۆ پێکهێنانی حکومەت، سەرۆکایەتی کۆمار ئەو هاوپەیمانێتییە رابسپێرێ، داخوا قسەی مەرجەعە باڵاکانی شیعە و هەڵوێستی ئێران لەسەر ئەو سەنگەر بەندییە ناوخۆییە شیعییە چ دەبێ. پێموانییە ئەگەر کار گەیشتە قایمە، ئێران بێڵێ سەرە داوەکانی لە دەست بچێ و رێگە نادات پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی بەغدا لە دەست پێکهاتەی شیعە دەربچێ، بەڵام چۆن سەرە داوەکان لە دەستە خۆی دێڵێتەوە و لەتەك لایەنەکانی کورددا چۆن دەجووڵێتەوە بە تایبەتی کە خەریکە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لە هەندێ بواردا بە تایبەتی لە بواری وزەدا دەرگایەکی دیکە بکاتەوەو نایەوێ مەیدانەکە بۆ تورکیا جێ بهێڵێ و سنوورێکی درێژی لەتەك هەرێمی کوردستاندا هەیە! بەو مانایە رۆڵی ئێران لە ریزکردنەوەکاندا رۆڵێکی گرنگ دەبێ.

ئەوەی کە رەنگە زۆر گرنگ بێ بە لای خەڵکی کوردستانەوە بە پلەی یەکەم، ناوماڵی کورد خۆیەتی و داخوا لەو کێشمە-کێشەدا کورد بە چ لایەکدا دەکەوێتەوەو چ رۆڵێکی دەبێ و چی پێ دەبڕێ. نکۆڵی لەوە ناکرێ کورد یەکدەنگ نییە. ئۆباڵەکەی بە ملی هەمووانەوەیەو کەس ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە. تا ئێستە بە تەواوی رێککەوتن لەسەر کابینەی هەشتەم نەکراوەو پۆستەکانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و پۆستەکانی بەغدا (پەرلەمان، حکومەتی ئیتیحادی، سەرۆکایەتیی کۆمار) یشیان هاتە سەر، ئەوە بێ لە تێڕوانینی جودا جودا لەسەر پرسگەلێکی دیکە. یەکخستنەوەی گوتاری کورد شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام واقیعگەرایی و سازان و خوێندنەوەی بەرژەوەندییە باڵاکان کاتی دەوێ. ناوماڵی کورد، هیچ لایەنێکی لێ زیاد نییە، تەنانەت هەر چەند بچووکیش بێ. ئەگەر شیعەکان گوێ لە مەرجەعە باڵاکان و ئێران بگرن و سوننەکان لە تورکیا و وڵاتانی کەنداو، ئەوا کورد لە عێراقدا بێ چەتر نییە کە ئەو رۆڵی یەکخستنەوەیە بگێڕێ. ئەو چەترەش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. پێموایەو تا زووە بۆ هەموو ئاستەکان، یەکەمجار پێویست دەکات لە ناوەخۆدا ئەو سازانەوەیە بکرێ. چونکە ئەو قۆناخە ناسکە بەری هیچ ململانێیەکی ناحەزانە و تاکڕەوانە، یان دادڕ- داڕبوون و بەملا و ئەولادا کەوتن و دابەشبوون بەسەر ئەم قۆڵ و ئەو بەرەیەدا ناگرێ. ئەگەر کورد گەیشتە ئەو سازانە، ئەوجار پێویست دەکات لیژنەیەکی باڵای دانوستاندن بە بەرنامەیەکی روون و بە گوێرەی ئەولەویاتە رێکخراوەکان پێك بێ بۆ دانوستاندن لەتەك لایەنەکانی دیکەی عێراقدا و پەرلەمانی کوردستانیش لە ئاکامەکان ئاگادار بکرێتەوە. چونکە وەك دەبینین لێرە بە دواوە، ئەم تەرەف و ئەو تەرەفی عێراقی لە دەرگەی ماڵی کوردو لایەنەکانی کوردستان دەدەن، ناکرێ هەر لایەنە لە ئاوازێك بخوێنێ یان ئاگای لەوی دی نەبێ، بۆیە و پێویستە تا زووەو بەر لە کۆتایی ئەم مانگە تەوافووقی کۆتایی لەسەر پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بکرێ و کورد یەك (پاکێج)ی پێ بێ و خۆ ئامادە بکرێ بۆ هەر پێشهات و پەرەسەندنێك کە بێتە کایەوە، یان هەلومەرج بیخوازێ.

بەهەر حاڵ ئەگەر لایەنەکان نەگەنە تەوافووق و حکومەتێکی (شەراکەی وەتەنی- راستەقینە) لە عێراق زوو پێك نەهێنرێ و وەکو کابینەکەی پێشوو کە ٩ مانگ دواکەوت، ساز نەکرێ، ئەوا عێراق ناتوانێ بەشێوەیەك بەرەنگاری (داعش) ببێتەوەو بەشێکی عێراق بەتایبەتی ناوچە سوننەنشینەکان دەبنە هێلانەی تیرۆریستان و بە کورتی عێراق دەخزێتە ناو شەڕێکی تایەفیی بەربڵاو و توانا ماددی و مرۆییەکانی عێراق «ئیستنزاف» دەکا و بە تەواوی لەبەر یەکی هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوەیان چەند بە قازانجی ئەمریکا و ئێران و تورکیا و وڵاتانی دەوروبەرە، چەندە بە قازانجی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو عێراقە، تا چەند پریشکی ئەو شەڕە دەپەڕێتەوە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان و بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، شیکردنەوەی وردو رامانی دەوێ لە ئەگەرەکان. بۆ هەر رەوش و ئەگەرێکیش، یەکڕیزی کورد فاکتەرێکی گرنگە و ناکرێ فەرامۆش بکرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە بارزانی ئەم دەرفەتە، بە دوا دەرفەت دەزانێ بۆ هاتنە ئارای حکومەتێکی شەراکەی راستەقینە لە عێراقدا.



# سەردانی بارزانی بۆ ئەردەن
# وێستگەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

## «بارزانی تەنیا هێما و سیمبولی کورد نییە بەڵکو هێما و ڕەمزە بۆ تەواوی ناوچەکە»

سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمی جەلالەتی شاعەبدوڵڵا بۆ شانشینی ئەردەنی هاشمی، پیشاندانی پێگەو سەنگی بارزانی و هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی تەنگژە و کێشەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی تەنیا ٤ ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، تەنانەت لە کاتێکدا بووە کە هێشتا ئاکامە سەرەتایی و نافەرمیەکانی هەڵبژاردنەکە بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەو سەنگی سەرۆك بارزانی پێوەندی بە ئاکامی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان زەمینەیەك دەڕەخسێنن بۆ وتوویژ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق و ئەم گۆڕانکارییەش کاریگەری دەبێت لە هاوکێشە ئیقلیمیەکان بەو حسابەی هاوکێشەکان پێکەوە گرێدراون، ئەوا بایەخدان بە بۆچوونەکانی بارزانی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە، جێگەی بایەخی ئەو دەوڵەتانە دەبێت کە ڕاستەوخۆ پێوەندیان لەگەڵ عێراق هەیە یان بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ عێراق هەیە.

لایەنێکی دیکەی ئەو پێشوازییە شاهانەیەی لەسەرۆکی کوردستان کراو هاوشانی ئاڵای شانشینی ئەردەن و کۆماری عێراق ئاڵای کوردستانیش دانرابوو، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ئاڵایەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان





دەوڵەتانێك بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی وەك هێمایەك بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری سەیریان دەکرد، ئێستا وەك هێمایەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیان ڕێزی لێدەگرن و کاتێك پێشوازی لەسەرۆکەکەی دەکەن، ئاڵای کوردستان لە پشتیەوە دادەنێن، ئەم وەرچەرخانە گەورە و فەرمیە کە جار لەدوای جار لەسەردانەکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك بارزانی، کوردستانی بە نموونەیەکی ئەوتۆ پیشانی جیهانداوە کە هەموو جیهان بەڕێزەوە سەیری بکات، لەمەش زیاتر نموونەیەکی جیاوازی حکومڕانییە کە جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەوڵەتانی ناوچەکەش لەو بڕوایەدا نەبوون ئەو نموونە تازەیەی حکومڕانی لەم ناوچەیە بێتە ئاراوە، بۆیە ئاساییە لە دەوڵەتانی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکەش ئەو پرسیارە دروست بێت، ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی عێراق بوایە و عێراق لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی حەکیمانەی ئەو بونیادبنرایەوە، ئایا ئێستا عێراق دەگەیشتە کوێ و تاچەند ڕەنگدانەوەی ئیجابیانەی لەسەر بارودۆخی گشتی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو؟

لەلایەکی دیکەو لەبەر ئەوەی لە مێژووی هاوچەرخی سیاسیی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا



ئێستا لەسەر دەستی هیچ سەرۆکێك پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە سەرکەوتوو نەبووە و ئەزموونی بەڕێز مسعود بارزانی لە سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە یەکەمین ئەزموونە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا شتێکی ئاساییە هەموو ناوچەکە پێویستی بە ئەزموونی مسعود بارزانی بێت، هەروەك چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا پێویستیان بە سەرکەوتنی لی کوان یو هەبوو لە سەنگافورا و ئێستاش هەموو جیهان وەك پێویستیەك سەیری دەکات و باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا لەسەر دوایین کتێبی لی کوان یو بە ناونیشانی (تێڕوانینی پیاوێك بۆ جیهان) نووسیویەتی ، کاتێك لی کوان یو قسە دەکات دەبێت هەموو جیهان گوێی لێبگرێت، ئەوا ئەمڕۆ هەنگاوەکانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و پیشاندانی ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردستان بۆ ئاشتی و پەرەپێدان ئەو پەیامە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاودەکاتەوە، کاتێك بارزانی قسە دەکات، دەبێت هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوێی لێبگرێت و سوودی لێوەربگرێت .

ئەم قسانەی لەم راپۆرتە کورتەدا دەیخەینە روو لەوە زیاترن کە پیاهەڵدان بن بۆ سەرۆکێك کە توانیویەتی ئیرادەی نەتەوەکەی بە جوانی پیشانی ناوچەکە و جیهان بدات و رێگەی ئاشتی و رێگەی دروست بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ناوچەکە دیاری بکات، لەبەر ئەوەی سەرۆکێك بە شاهیدی جیهان بتوانێت سەرنجی ناوەندە گەورەکانی توێژینەوەی جیهان بەو ئاستە رابکێشیت، دوای ٢٥ ساڵ بەسەر ئەنفال و کیمیاباران و ژینۆساید، ناوەندێکی وەك ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك تیمێك رەوانەی کوردستان بکات بۆ ئەوەی دیراسەت لەسەر ئەوە بکەن، چۆن لەسەر سوتماکی ژینۆساید ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە بەرهەمهاتووە و چۆن وەك نموونەیەکی تازە لە ریزبەندی پرۆسە سەرکەوتووەکانی جیهان دابنرێت بۆ ئەوەی هەموو جیهان سوودی لێوەربگرێت، ئەمە جێگای شانازییە بۆ هەر تاکێکی نەتەوەی کوردستان، لەبەر ئەوەی کاتێك لەسەر شانۆی جیهان رادەوەستێت نەتەوەکەی بەشێوەیەك ئیرادەی خستۆتەگەڕ کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە، ئەوە سەرۆکەکەی ئەمەی دروست کردووە، ئەو پێشمەرگەیەیە کە ئامۆژگای برۆکینگز لە کاتی میوانداری کردنی نەیتوانی وەسفی بکات و بە ئامادەبووانی راگەیاند ((مسعود بارزانی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوانەی ئەم سەرۆکە ناناسن، بایەخی ئەم سەرۆکە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا و هەموو رێگەکان دەچنەوە لای ئەو)).

بۆیە لەسەردانی ئەمجارەی بەڕێز سەرۆکی کوردستان بۆ شانشینی ئەردەن و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلالەتی شا عەبدوڵڵا دووبارە ئەو قسەیەی ئامۆژگای برۆکینگز دووبارە کرایەوە، کە نەك هەموو رێگەکان دەچنەوە لای بارزانی، بەڵکو ئەم سەردانە لەسەر مەراسیمی پێشوازی شاهانەی شا عەبدوڵڵادا پێی وتین، دەسپێکی هەموو رێگەکان لە مسعود بارزانییەوە دەست پێدەکات و وەك بەڕێز ساڵح قەڵابیش لە وتووێژێکی تایبەت بەم سەردانە پێی وتین (مسعود بارزانی تەنیا هێماو سنبولی کورد نییە، بەڵکو هێما و رەمزی تەواوی ناوچەکەیە).



**من باوەڕم وایە سەرۆک بارزانی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی ئەو کارەسات و مەینەتی و ئاڵۆزییەی یەخەی عیراقییەکانی گرتووە**

■

**کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی دانیشتووان و کەلتووری و شارستانیی عیراقە، بۆیە مافی خۆیەتی داوابکات نوێنەرایەتی کردنی لە پرۆسەی سیاسیی عیراق نوێنەرایەتیکردنێکی کاریگەرو کارا بێت**

سالّح قەلاب راوێژکاری پێشووی شای ئەردەن بۆ (گوڵان):

# پێوەندی ئێستای نێوان مسعود بارزانی و شا عەبدوڵڵا درێژە پێدەری پەیوەندی نێوان شا حوسین و مەلا مستەفا بارزانی یە

بەڕێز سالّح قەڵاب جیا لەوەی راوێژکاری پێشووی شاعەبدوڵڵای پادشای ئەردەن بووە، ماوەیەکیش وەزیری رۆشنبیری بووەو ئێستاش یەکێکە لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کە بەردەوام لە رۆژنامە عەرەبییەکان بە تایبەتی شەرقولئەوسەت وتارەکانی بڵاو دەبێتەوە، قەلاب بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی شانشینی ئەردەنی هاشمی یەکێکە لە سیاسەتمەدار و چاودێرە زیرەکەکان، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەش وەك یەکێك لە چاودێرە سیاسییە دیارەکان سەیر دەکرێت و شرۆڤە و توێژینەوەکانی بەهەند وەردەگیرێن و جێگەی بایەخی هەموو لایەکە، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ شانشینی ئەردەن و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ شا عەبدوڵڵای دووەم، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.



**لەسەر زمانی من وەک ساڵح قەلاب بڵاوی بکەرەوە کە نوری مالکی هەمان رەفتاری دکتاتۆریانەی رژێمی پێشوو لە عیراق پەیرەو دەکات.**


*** بەم دواییە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی شانشینی ئەردەنی کرد، ئەمەش کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەردەنەوە، خوێندنەوەتان بۆ ئەم سەردانەی دوایی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئەردەن چییە؟**

- ئەم پێوەندییانە زۆرکۆنن، لەراستیدا بۆ سەردەمانی خوالێیانخۆشبێت شا حوسێن و مەلا مستەفای بارزانی دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە پێوەندیی بەردەوام لە نێوان هەردوو لادا هەبووە، شای ئەردەن لە رووی پشتیوانیی سیاسی و مانەوییەوە ئەوپەڕی پشتیوانی لە گەلی کورد لە عێراقدا دەکرد، بۆیە شانشینی ئەردەن هەڵوێستێکی چەسپاوو نەگۆڕی هەبووە لەهەمبەر مافەکانی گەلی کورد، لەبەر ئەوە دەڵێم ئەو پێوەندییانە کۆنن و چەند جارێك بەرپرسانی ئەردەن سەردانی (مەلا مستەفای بارزانی) یان کردووە، هەروەها هەتا ساڵی ١٩٦٤ لە رێگەی جەنابی مەلا مستەفا بارزانییەوە بەڕێز جەلال تاڵەبانب رادەسپێرا بۆ توندوتۆڵکردنی پێوەندیی نێوان کورد و ئوردن،هەر بۆیە ئەم پێوەندییانە لە ساڵانی نەوەدەکانیشەوە زیاتر پتەوتربوون و بەڕێز کاك مسعود بارزانی چەندین جار لەم ماوەیەدا سەردانی ئەردەنی کردووەو چاوی بە خاوەن شکۆعەبدوڵلای پاشای ئەردەن و بەرپرسان کەوتووە، ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی ئەردەنەو ئەم پێوەندییانەش بەردەوام پەرەدەسەنێن و وا بزانم ئەمە یەکەم سەردانی کاك مسعود بارزانی نییە بۆ ئەردەن ئەگەر سێیەم یان چوارەم نەبێت، کە هەندێ جار کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حزبی و حکومیی هەرێمی تێدابووە.

**بە ئاشکراو راشکاوی دەڵێم ئەو سیاسەتەی نوری مالیکی پەیرەوەی لێ دەکات ئەزموونێکی شکستخواردوو وێرانکەرەو عیراقی پارچە پارچە کردووە، بە درێژایی ئەو یازدە ساڵەی رووخانی رژێمی پێشوو دەبوایە ئەو عیراقەو میللەتەکەی بگەیشتنایە سەقامگیری و ئاسوودەیی و بنیادنان**

*** ئەگەر بە دیاریکراوی باسی گرنگی ئەم سەردانەی ئەم دواییە سەرۆك بارزانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ شا عەبدوڵلا بکەین، ئایا تاچەند لەم کاتە ئەم سەردانە گرنگ بوو؟**

- ئەم سەردانە لە قۆناغێکی هەستیاردا هاتووە کە دەبوایە ئەنجام بدرێت، کە ئێوە دەزانن بارودۆخی عیراق رۆژ بە رۆژ پشێوو ئاڵۆزتر دەبێت، هەروەها ناکۆکی زۆری هەمەلایەن سەری هەڵداوە، هەڵوێستی ئەردەنیش هەمیشە بەو شێوەیەیە کە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکاندا بووە بە رێگەی ئاشتیانەو دیالۆگ و لێکگەیشتن، چونکە ساڵانێکی زۆر بەهۆی کوشتارو شەڕو شۆڕەوە بە هەزاران کەس گیانیان لەدەستداوە و مەینەتییەکی زۆر رووی لەو وڵاتە کردووە، بۆیە نابێ کارەساتی جینۆسایدی وەك هەڵەبجە جارێکی دیکە دووبارە بێتەوە چ لە کوردستان یان لە هەر بەشێکی دیکەی عیراق، لەبەر ئەوە پێویستە سەرجەم کێشەکان بە وتووێژ چارەسەر بکرێن، هەروەك دەزانن ناکۆکی لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار هەیە ئەم ناکۆکییەش دەبێ بە دیالۆگ چارەسەربکرێت، گەلی کوردیش مافی خۆیانە، هەروەك چۆن پێکهاتەکانی دیکەش لە عیراق مافیان هەیە، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی دانیشتووان و کەلتووری و شارستانیی عیراقە، بۆیە مافی خۆیەتی داوابکات نوێنەرایەتی کردنی لە پرۆسەی سیاسیی عیراق نوێنەرایەتیکردنێکی کاریگەرو کارا بێت، من پێموایە ئەم پرسە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی دەربارەکراوە لەلایەن خاوەن شکۆ عەبدوڵلای دووەم و رێزدار سەرۆك مسعود



بارزانی، هەروەها لەم سەردانەدا سەرۆك بارزانی ئامادەی کردنەوەی پێشانگای (سۆ فکس) بەرهەمهێنانی چەکی هێزەکانی تایبەت بوو، کە من پێموایە کاك مسعود بارزانی زۆر لەمێژە بایەخ بەم بابەت دەدات، بۆیە ئەم سەردانە زۆر سەرکەوتوو و بەرهەمدار بوو کە تێیدا چەندین تەوەری لەخۆ گرتبوو لەوانەش رەوشی ناوچەکە بە گشتی و رەوشی فەلەستین و سوریاو عیراق و تاد.

*** کاریگەریی ئەو سەردانە چی بوو لەسەر بارودۆخ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەم دواییە لە ناوچەکە هاتنە ئاراوە؟**

- کاك مسعود بارزانی تەنیا هێماو سیمبولی کورد نییە بە تەنیا، بەڵکو یەکێکە لە ناو و رەمزە دیارەکانی ناوچەکە بەگشتی بە تایبەتی ئەو رۆڵەی کە هەموو جارێك سەرکەوتووانە دەیگێڕێت، بەم دواییە سەردانی دیاربەکری کرد و لەگەڵ ئۆردۆغان کۆبۆوە و رۆڵی ئەو، زۆر بەرز دەنرخێنرێت لە رووی هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکەو لە تورکیاشدا، هەروەها لە روانگەی بارودۆخی ئێستای ناوچەی کوردنشین لە سوریا، بۆیە ئەو بەڕێزە رۆڵی دیارو سەرەکیی دەبینێت وەك رەمزو هێمایەك لە سەرتاسەری ئەو ناوچانەدا درەوشاوەیە، هەروەها لەم سەردانەدا بابەتێکی گرنگ قسەو باسی لە بارەوە کرا ئەویش مەسەلەی (تیرۆر) ە کە لە سوریا و لە ئەردەن و تەنانەت کاریگەری و مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

*** خوێندنەوەتان بۆ قۆناغی داهاتووی سیاسی لە عیراق چییە، پێتان وایە دەبێتە قۆناغی سەقامگیری یان ململانێی سیاسی یاخود گۆڕانکاریی دێتە ئاراوە؟**

- لە راستیدا بارودۆخی عیراق مەترسیدارو نا سەقامگیرە بە شێوەیەکی گشتی، دەستتێوەردانی دەرەکی لەئارادایە، ئەم دەستتێوەردانە رۆڵی سەرەکی و خراپ دەگێڕێت لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا، بۆیە بە ئاشکراو راشکاوی دەڵێم ئەو سیاسەتەی نوری مالیکی پەیڕەوەی لێ دەکات ئەزموونێکی شکستخواردوو وێرانکەرەو عیراقی پارچە پارچە کردووە، بە درێژایی ئەو یازدەساڵەی رووخانی رژێمی پێشوو دەبوایە ئەو عیراقەو میللەتەکەی بگەیشتنایە سەقامگیری و ئاسوودەیی و بنیادنان، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە چ لە هەرێمی کوردستان یان لە ناوەڕاست و رۆژهەڵات و رۆژئاوای عیراق، بۆیە وا پێویست دەکات سیاسەتمەدارو عاقڵمەندانی ئەم وڵاتە لە سەروویانەوە کاك مسعود بارزانی رۆڵی خۆیان بگێڕن کە من باوەڕم وایە سەرۆك بارزانی رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی ئەو کارەسات و مەینەتی و ئاڵۆزییەی یەخەی عیراقییەکانی گرتووە، بۆیە ئەگەر مالیکی لەم سیاسەتەو لە حوکمی داهاتووی عیراق بەردەوام بێت، لاتان سەیر نەبێت بە هەمان پەیڕەوی دیکتاتۆریانەی رژێمی پێشوو رەفتار بکات و رووی سوپاکەی بەرەو هەولێرو ناوچەکانی کوردستان وەربگێڕێت، من ئەمە بە دوور نازانم چونکە ئەو مرۆڤە هەمان رێچکەو ئارەزووی مەترسیداری دیکتاتۆریانەی هەیە، بۆیە لەسەر زمانی من وەك ساڵح قەلاب بڵاوی بکەرەوە کە ئەم پیاوە هەمان رەفتاری دیکتاتۆریانە لە عیراق پەیڕەو دەکاتەوە.

**نابێ کارەساتی جینۆسایدی وەک هەڵەبجە جارێکی دیکە دووبارە بێتەوە چ لە کوردستان یان لە هەر بەشێکی دیکەی عیراق، لەبەر ئەوە پێویستە سەرجەم کێشەکان بە وتووێژ چارەسەر بکرێن**

# عێراق
# لە نێوان دوو بەرداشدا

## پێدەچێت مالیکی خۆی کۆتایی بە عێراق بێنێت

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر

لە دوای ٧ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠ەوە، عێراق(بە دڵنیاییەوە، لە نێویدا (هەرێمی کوردستان)یش یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی گشتیی خۆی لە ٣٠ نیسانی ساڵی ٢٠١٤دا ئەنجامدا. هەروەها ئەمە یەکەمین هەڵبژاردن بوو لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا ئەنجام بدرێت. ئەگەرچی هەڵبژاردنەکە بە ئەندازەیەکی گەورە بێ توندوتیژی تێپەڕی و ئەنجام درا، بەڵام هێشتا هەندێ کەس ئەم هەڵبژاردنانە بە دووبارە ڕێکخستنەوەی جڵەوی کەشتی تایتانیك دەشوبهێنن، پێش ئەوەی ژێر ئاو بکەوێت. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جۆن ئێف کێری بانگەشەی ئەوەشی کرد کە عێراقییەکان بوێرانە دەنگیان دا و زۆر بە توندی توندڕۆ توندوتیژەکانیان ڕەت کردەوە، ئەوانەی هەوڵی لەباربردنی پرۆسەی دیموکراتی و چاندنی تۆوی دووبەرەکیان دەدا لە عێراق و سەرتاسەری ناوچەکەدا. ئەگەر تەنیا ئەمەیان ڕاست بێت!

لە ڕاستیدا، پێدەچێت عێراق بە بەرچاومانەوە داتەپێت، لەبەر ئەوەی گروپە ئیسلامییەکانی سوننە ڕادیکاڵ و توندوتیژەکان بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەیان داگیر کردووە و نزیکەی ٦٠ میل لە بەغداوە دوورن. ئەم بەشانەی عێراق لە واقیعدا بەشێکن لە شەڕی ناوخۆیی هەڵگیرساوی سوریا کە تێیدا ئۆپۆزسیۆنی بەشار ئەسەد بە ڕادەیەکی زۆر لەلایەن هەمان توندڕەوە سوننەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە کە هاوسۆزن بۆ ئەلقاعیدە. لەوەش زیاتر، میلیشیا خێڵەکییەکانیش لە پارێزگای ئەنبار لە هەندێ شوێندا شەڕ لە دژی یەکتری دەکەن، بەمەش ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکەن. هەرچۆنێك بێت، نوری ئەلمالیکی سەرۆکی وەزیرانی ئێستای عیراق پاڵنەرێکی کەمی بۆ سوننەکانی عێراق دروست کردووە بۆ ئەوەی پشتیوانی عێراقێکی یەکگرتوو بکەن، کە زیاتر و زیاتر ئەوەیان لا روون دەبێتەوە کە شوێنێك بۆ ئەوان لە وڵاتەکەدا نەماوە، چونکە ئەو وڵاتە لەلایەن شیعەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

سەرباری ئەوەش، لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەوا ڕەنگە پێکهێنان و دروستکردنی حکومەتی نوێ چەند هەفتە و مانگێك بخایەنێت. پتر لە ٢٧٥ قەوارە یان حزبی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئێستادا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ٣٢٨ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران. لیستی کراوە کە لە سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لیستی پارتەکان بۆ هەڵبژاردنەکاندا بەکارهاتووە ڕێگری دەکات لەوەی تاکە قەوارەیەك زۆرینەیەکی ڕوون بەدەست بهێنێت. لەوەش زیاتر، دەکرێت هاوپەیمانێتییەکی هەموارکراو پێکبهێنرێت لە دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە.

لە ڕاستیدا، هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە لە ساڵی ٢٠١٠دا ئەنجامدران، سەریانکێشا بۆ ئیفلیجبوونی حکومەت بۆ پتر لە نۆ مانگ پێش ئەوەی مالیکی لە کۆتاییدا بتوانێت حکومەتە نوێیەکەی و دووەم حکومەتی خۆی پێکبهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەم پرۆسە قورس و ئاڵۆزە بە تەواوەتی سەری نەکێشا بۆ حکومەتێکی دیموکراتی، لەبەر ئەوەی مالیکی نەیتوانی ( یاخود ڕەنگە نەیویستبێت) کەسانێك بدۆزێتەوە بۆ پڕکردنەوەی گرنگترین پۆستەکانی حکومەتەکەی. لە دەرئەنجامدا، مالیکی خۆی ئەم پۆستە گرنگانەی بە دەستەوە گرت. بەو پێیە، هەرگیز حکومەتە نوێیەکە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ەوە بە مانا ڕاستەقینەکەی پێك نەهات.

ئایا لە کۆتاییدا حکومەتە نوێیەکەی پاش ئەنجامدانی دوایین هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی شکستی مالیکی لەوەی نەیتوانی دوایین جار حکومەتێك بە تەواوی ستافەکەیەوە پێك بهێنێت؟ لەوەش زیاتر، شان بە شانی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی بۆ درێژەپێدان بە حکومەتێکی مەرکەزی و دەوڵەتێکی سادە، زۆر کەس- لە نێویاندا کورد لە باکوور- ئەگەری بە دیکتاتۆر بوونی مالیکی دەبینن، بەتایبەتی کە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ جاری سێیەم و بۆ چوار ساڵی دیکە حکومڕان بێت. کەواتە، پێدەچێت مالیکی

**ڕەنگە پێکهێنان و دروستکردنی حکومەتی نوێی عیراق چەند مانگێک بخایەنێت، پتر لە ٢٧٥ قەوارە یان حزبی سیاسی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا کردووە بۆ بەدەستهێنانی ٣٢٨ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران**



بۆ گوڵانی نووسیوه

له یەکخستنی وڵاتەکە زۆر دوورکەوتبێتەوە و له کۆتایی پێهێنانیدا بەشدار بێت.

هەرچۆنێك بێت، ئەلتەرناتیڤی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە هەرێمەکان ڕەنگە هۆکارێکی دیکە بێت بۆ پرۆسەی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە. پێدەچێت ئاییندەی عێراق لە نێوان دوو بەرداشدا بێت. ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە لە بنەڕەتدا عێراق دەستکرد و دروستکراوی دەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوو کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان پێکەوە لکێنرا بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییە جیۆستراتیجیەکانی بەریتانیا بکات. ڕۆبەرت گەیتسی وەزیری پێشووی بەرگریی ئەمەریکا،، کە لە ئیدارەی هەردوو سەرۆك جۆرج دەبلیۆ بۆش و باراك ئۆبامادا خزمەتی کردووە، لە دوایین کتێبی خۆیدا (کە کتێبێکی یادەوەرییە و باشترین فرۆشی هەبووە) دەڵێت کە جۆ بایدنی جێگری سەرۆك هەرگیز لە بیروبۆچونەکانیدا ڕاست نەبووە.

گەیس بە هەڵەداچووە، لەبەر ئەوەی زیاتر و زیاتر پێشبینییەکانی بایدن لە ساڵی ٢٠٠٦دا، کە تێیدا باسی لەوە کرد کە ڕەنگە باشترین چارەسەر بۆ ئاییندەی عێراق بریتی بێت لە دابەشکردنی عێراق بۆ سێ بەش، کورد و سوننە و شیعە، وەك پێشبینییەکی ڕاست و دروست دەردەچن. بە دڵنیاییەوە، ڕاسپاردە بوێرانەکانی بایدن دژ و پێچەوانە بوون لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا کە هەمیشە باوەڕی وابووە عێراقێکی دابەشبوو سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە داخەوە، بەلای زانایەکی وەك فۆگی بۆتۆم ئەوەی پێدەچێت بە ڕاستی هۆکار بێت بۆ ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بێت لە هەوڵە دۆڕاوەکانی پاراستنی یەکێتیی عێراق. دوای ڕووخاندنی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمریکاوە لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٣دا، ١٥٠،٠٠٠ عێراقی کوژراون و پتر لە ٦٠٠،٠٠٠ کەسیش بریندار بوونە، هەروەها ٢ ملیۆن کەسی دیکەش ئاوارە بوونە لە ناوخۆدا (لە ناو عێراقدا) یان بوونەتە پەنابەری دەرەکی لە دەرەوەی وڵاتدا. تەنیا پار ٨٠٠٠ کەس لە ئەنجامی توندوتیژی لە وڵاتەکەدا گیانیان لەدەستداوە. هۆکارێکی کەم هەیە کە وا بیر بکەینەوە دوایین هەڵبژاردنەکان کە تازە ئەنجام دراون سەربکێشن بۆ دۆخێکی باشتر.

سەرجەم کێشە ئاساییەکانی وەك کارەبا و ئاوەڕۆ بە تەواوەتی فەرامۆش کراون، لەبەر ئەوەی یاخیبوونی نوێی سوننە لە پارێزگای ئەنبار، کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای بەغداوە، بە ئاشکرا بۆتە کێشەی سەرەکی، کێشەی ئەوەی ئایا خودی دەوڵەتی عێراق ئاییندەی هەیە. لە ڕاستیدا، تەنانەت زۆرێك لە بنکەکانی دەنگدان لە پارێزگای ئەنبار لەو هەڵبژاردنەی هەفتەی ڕابردوو ئەنجام درا بە ڕووی دەنگدەراندا هەر نەکرانەوە، ئەو ژمارە کەمەی سوننە کە بوێری ئەوەیان تێدابوو دەنگ بدەن، سەرکێشییان بە ژیانی خۆیانەوە کرد، لەبەر ئەوەی حکومەت لە پێگەیەکدا نەبوو بیانپارێزێت. لەوەش زیاتر، زۆرێك لە سوننە باوەڕیان وایە دەنگدان هیچ کاریگەرییەکی نییە جگە لە پێدانی شەرعییەت نەبێت بە حکومەتەکەی مالیکی، کە پێیان وایە حکومەتێکی شکستخواردووە و سوننەی لە مافەکانیان بێبەشکردووە و وڵاتەکە پارچە پارچە دەکات. ئایا هەموو ئەمانە چی دەگەیەنێت بۆ کورد لە باکوور؟ تا ئێستا سەرکردەکانی کورد ژیرانە جڵەوی تموحی خۆیان بۆ سەربەخۆیی گرتووە، هەروەها تێڕوانینیان وایە-کە تێڕوانینێکی ڕاست و دروستیشە- فیدراڵیزم زۆرێك لە ئیمتیازەکانی سەربەخۆیی پێداون، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسییەکانی سەربەخۆیی ببنەوە. هەرچۆنێك بێت، ڕەنگە داتەپینی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بەغدا، هەروەها بەردەوامبوونی لەبەریەکهەڵوەشانی سوریا لە ڕۆژئاواوە، بەم زووانە حساباتی کورد بگۆڕێت و زەرورەتی سەربەخۆیی بێنێتە ئاراوە. ئومێدەکە ئەوەیە، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بیریان لە بژاردە و تاکتیکەکانیان کردبێتەوە و ئامادەبن بۆ ئەم ڕووداوە مێژووییە، کە ڕەنگە زووتر ڕووبدات وەك لەوەی زۆر کەس پێشبینی دەکەن!

**لەوانەیە بەم زووانە حساباتی کورد بگۆڕێت و زەرورەتی سەربەخۆیی بێنێتە ئاراوە. ئومێدەکە ئەوەیە، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بیریان لە بژاردە و تاکتیکەکانیان کردبێتەوە و ئامادەبن بۆ ئەم ڕووداوە مێژووییە، کە ڕەنگە زووتر ڕووبدات وەک لەوەی زۆر کەس پێشبینی دەکەن!**



# ئاکامی هەڵبژاردنەکان و ئایندەی عێراق



# لە نێو سیناریۆی زۆرینەی سیاسیدا مالیکی ئەکتەرێکی فاشیل دەبێت

**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرجی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتوو وەک بنەمای نیشتمانی بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان خستۆتە روو، بۆیە دەبێت مالیکی ئەوە لەبیر خۆی بباتەوە کە بتوانێت بەرامبەر هاوپەیمانی کوردستان یاری بە تەفسیرکردنی دەستوور بکات**

بەپێی لێدوانەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەتا کۆتایی مانگی ئایار ناتوانرێت ئاکامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی عێراق رابگەیەنرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لەسەرەتای حوزەیرانەوە بەفەرمی دانوستاندنەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق دەست پێناکات، بەڵام تا ئەوکاتە وەنەبێ پێکهاتە سیاسییەکان هیچ هەنگاوێك هەڵنەگرن و نەخشەی رێگە بۆ گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دیاری نەکەن. بەڵام پێش ئەوەی هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی زەمینەی ئەوە خۆش بکەن پێکەوە دانوستاندن بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا هەر پێکهاتەیەك لەو سێ پێکهاتە سەرەکیە کە بریتین لە (کورد و سوننە و شیعە) لەنێو خۆیاندا و بە هاوکاری دۆستەکانیان لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ماڵی خۆیان رێکبخەنەوە بۆ ئەوەی وەك سێ پێکهاتەی جیاواز دانوستاندن بکەن، نەك وەك لایەنی سیاسیی عێراقی، ئەم دەرەنجامەش دەرهاویشتەی هەموو هەڵبژاردنەکانە بەوەی عێراقیەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ئەمجارە و جارانی پێشووتریش، لەسەر بنەمای دەنگدان بۆ نەتەوە و مەزهەب دەنگیان بە قەوارە سیاسییەکان داوە، نەك لەسەر بنەمای بەرنامەی سیاسیی، لەوانەیە لەناو پێکهاتەکاندا کە چەند لایەنێکی جیاواز نوێنەرایەتی کردوون، دەنگدەری پێکهاتە جیاوازە دەنگی بەلایەنێك زیاتر دابێت و بەلایەنێك کەمتر، بەڵام ئەم پرسە لە چوارچێوەی پێکهاتەکە نەهاتۆتە دەرەوە، راشکاوانەتر لەمە دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بڵێین:

١. لەوانەیە دەنگدەری کوردستانی، دەنگی بەلایەنێکی کوردستانی زیاتر دابێت لە لایەنێکی دیکەی کوردستانی، بەڵام ئەوە نەبووە کە دەنگدەری کوردستانی لەدەرەوەی لایەنە کوردستانیەکان بژاردەی دیکەی هەبووبێت و بەوجۆرە سەیری پرۆسەی دەنگدانی کردبێت، ئایا بەرنامەی لایەنێکی کوردستانی باشترە، یان لایەنێکی سوننە یان شیعە.

٢. بۆ هەردوولایەنی عەرەبی شیعە و سوننەش هەروا بووە، لەوانەیە دەنگدەرێکی عەرەبی سوننە دەنگی بە لیستەکەی نوجێفی زیاتر دابێت وەك لە لیستەکەی موتڵەگ، بەڵام زۆر کەمتر دەنگیان بە لیستەکانی شیعە داوە، ئەگەر هەندێك عەرەبی سوننە دەنگیشیان بە لیستەکەی مالیکی دابێت، لەسەر بنەمای دەنگ کرین بووە نەك لەسەر بنەمای ئەوەی بەرنامەی لیستەکەی مالیکی لە لیستی لایەنە سوننیەکان باشتر بووە، ئەمە بۆ پێکهاتەی شیعەش راستە، ئەوانیش راستە دەنگەکانیان لەنێوان لیستی مالیکی و حەکیم و سەدر و فەزیلە دابەشبوون، بەڵام دەنگیان بە لیستە سوننیەکان نەداوە.

ئەم پانۆرامایەی ئاکامە بەراییەکانی ئەم هەڵبژاردنە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە عێراقدا پیشانی دەدەن، ئەو راستیەمان بۆ دەردەخەن کە حزبی سیاسیی عێراقی کاریگەر، بەو مانایەی عێراقیەکان بێ جیاوازی مەزهەب و نەتەوە دەنگی پێبدەن لە عێراقدا بوونی نییە و مەزندەش ناکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا حزبی عێراقی بەو شێوە کاریگەری لەسەر نەخشەی سیاسیی عێراق هەبێت دروست ببێت، ئەمە مانای ئەوە نییە حزبی سیاسیی عێراقی بوونی نییە، نەخێر حزبی سیاسیی عێراقی بوونی هەیە و باشترین نموونەش حزبی شیوعی عێراقیە، بەڵام ئاکامی هەموو هەڵبژاردنەکانی عێراق دەریانخستووە، ئەم حزبە عێراقیە لەناو پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانیدا پێگەیەکی ئەوتۆی نییە کاریگەری لەسەر داهاتووی سیاسەتی وڵات هەبێت و، خۆ لادانیش لەم راستیە ئەوجا هەر لایەنێك بیەوێت بۆ مەبەستی سیاسیی پەنای بۆ بەرێت، ئەوە مانای ئەوەیە پەنا بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەبات بۆ ئەوەی زۆرینەی سیاسیی رێگە لە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بگرێت، ئەم رێگرتنەش جیا لەوەی دەبێتە هۆکاری پەراوێزخستنی پێکهاتە سەرەکیەکان لە هەمانکاتدا زەمینە بۆ دروست بوونی دیکتاتۆریەتێکی دیکە خۆش دەکات.

## یەکخستنی نێوماڵی پێکهاتە سەرەکیەکان پێش زۆرینەی سیاسیی کەوتووە

ئەگەر سەیری هەنگاوەکانی ئێستای هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکە (کورد و شیعەو سوننە) بکەین، هەست دەکەین، هەرسێ پێکهاتەکە لەهەوڵی یەکخستنی نێوماڵی خۆیانن، راشکاوانەتر لایەنی کوردی دەیەوێت وەك لایەنی کوردستانی بچێتە ناو دانوستانەکان و نوێنەرایەتی مافە دەستووریەکانی گەلی کوردستان بکات، بە هەمان شێوە لایەنە سوننەکانیش بە هاوکاری دەوڵەتە دۆستەکانیان لە هەوڵی ئەوەدان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی بەناوی عەرەبی سوننە بچنە ناو دانوستانەکان و، وەك سوننە داوای مافەکانی خۆیان بکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە پێکهاتەی شیعەیە کە ئێستا لیستی دەوڵەتی قانوون بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی دەیەوێت وەك تاکتیکێك بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات باس لە زۆرینەی سیاسیی دەکات و دەشزانێت کە لەم قۆناخەدا نەك هەر زۆرینەی سیاسیی بۆ دروست ناکرێت، بەڵکو هەتا ئەگەر بۆشی دروست بێت و هەندێك لایەنی

**ئامانج لە دەستووری عێراق پاراستنی کەمینەیە نەک رێگەدان بە دیکتاتۆریەتی زۆرینە، بۆیە لە دەستووردا هاتووە ئەگەر رێژەی ٢/٣ی دانیشتووانی ٣ پارێزگا هەموارکردنی دەستووریان رەتکردەوە، ئەوا دەستوور هەموار ناکرێتەوە، بۆیە دەستووری عێراق چەترە بۆ پاراستنی هەموو پێکهاتەکان**

سوننە هاوپەیمانیشی لەگەڵدا بکەن، ئەوا چارەنووسی عێراق هاوشـێوەی یوگسلافیای پێشـووی لێدێت و چارەنووسی سـەرۆك وەزیرانەکەشی وەك چارەنووسی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی لێدێت، هۆکاری سادە بۆ ئەم بەراوردکارییە ئەوەیە چۆن لە هەڵبژاردندا گرنگە ڕێز لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بگیرێت، بە هەمان شێوە گرنگە ڕێز لەو نەخشـە سیاسییەش بگیرێت کە هەڵبژاردن لە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرە ئایین و فرە مەزهەب دیاری دەکات، بۆ ئەمە ئاشکرایە هەڵبژاردنەکانی یوگسلافیای پێشوو بە تەواوەتی ئەو نەخشە سیاسییەی دیاری کرد کە چیدیکە پێکهاتە جیاوازەکانی یوگسـلافیا ناتوانن خۆیان وەك هاووڵاتی یگۆسـلافیا پێناسە بکەن، ئەوان دەنگیان بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی خۆیاندا، نەك ناسنامەی یۆگسلافیبوون، بۆیە کاتێك ئەم نەخشە سیاسـییە لەبەر چاو نەگیرا، ئەوا وەك بینیمان وڵاتێك لەسەر نەخشەی جیهان نەما ناوی یۆگسلافیا بێت.

## پێکهاتەی شیعە
## تایبەتمەندی جیاوازی هەیە


پێکهاتەی شـیعە ئەگەر لەرووی سیاسیشەوە پەرت بن و یەکریز نەبن، ئەوا سـەرەنجام مەرجەعیەتی شیعە بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆیان دەکاتەوە، یان لانی کەم دەبێت ئەو سەرۆك وەزیرانەی دەستنیشان دەکرێت، مەرجەعیەت ئەگەر پەسەندیشـی نەکات ڕەتینەکاتەوە، سەبارەت بە پێگەی ئێسـتای حزبی دەعوا و لیستی دەوڵەتی یاسا لای مەرجەعیەتی شیعە دیارە پێش هەڵبژاردنەکان شێخ بەشـیر نەجەفی کە یەکێکە لە پێنج مەرجەعە باڵاکەی مەرجەعیەتی شـیعە بە ئاشـکرا دەستنیشانکردنەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سـێهەمی ڕەتکردۆتەوە و داوای لە دەنگـدەران کردووە دەنگ بە لیسـتەکەی مالیکی نەدەن، هەروەها ئایەتوڵلا عەلی سیستانیش کە لەنێوان ٥ مەرجەعە باڵاکە بە پلەی یەکەم دێت، ئەویش بێدەنگی هەڵبـژاردووە، بەپێی راپۆرتێکی ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنیش کـە ڕۆژی ٧ی ئایار بڵاوی کردۆتەوە، هەر دوای تەواوبوونی پرۆسـەی دەنگـدان، نوری مالیکی نامەیەکی بە شێخ عەبدولحەلیم زوهێری مورشدی حزبی دەعوە بۆ ئایەتوڵلا سیستانی ناردووە بۆ ئەوەی سوپاسی بکات کە بێلایەن بووە، بەڵام لەکاتی ئەم سـەردانە شێخ بەشیر نوجێفی ڕەتیکردۆتەوە شێخ عەبدولحەلیم زوهێری ببینێت و ئایەتوڵلا سیستانیش بە بیانووی ئەوەی دەرگای بەرووی سیاسەتمەدارەکان داخستووە، شێخ عەبدولحەلیم زوهێری نەبینیوە و نامەکەی مالیکیشی وەرنەگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە مەرجەعیەتی باڵای شـیعە بە دووبارە دەستنیشانکردنەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سێهەم بە ئاسانی پەسـەند ناکرێت و ئاشکراشە لەسەر ئاستی ئیقلیمیش بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، تێڕوانین و بۆچوونەکانی مەرجەعیەتی شـیعە سەنگ و بەهای خۆی هەیە، هەندێك لە چاودێرانی نزیك لەسەر سیاسەتی شیعی بەوجۆرە سەیری ئەو پرسە دەکەن، بەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێز لە فەتوا و بۆچوونەکانی مەرجەعیەت دەگرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە ئایەتوڵا بەشـیر نوجێفی راشـکاوانە رای خۆی لەسـەر ویلایەتی سـێهەمی مالیکی ڕاگەیاندێت و ئایەتوڵا سیسـتانیش بێدەنگی هەڵبژاردبێت و نەیەوێت تێکەڵاوی ئەم پرسـە سیاسییە بێت، ئەوا هەڵوێسـتی ئایەتوڵا نوجێفی وەك هەڵوێستی مەرجەعیەت سـەیر دەکرێت، هەریەك لەو ٥ مەرجەعە بەناوی مەرجەعیەتەوە قسـەبکات، ئەگـەر ئایەتوڵا سیسـتانی بێدەنگ بێت، ئەوا ئەو هەڵوێستە تەعبیر لە بۆچوونی مەرجەعیەت دەکات لەسـەر ئەو پرسە، بەڵام پرسـیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیـە ئایا نوری مالیکی و حزبی دەعوا دەتوانن پێگە و شکۆی مەرجەعیەتی شیعە فەرامۆش بکەن و لەژێر چەتری هاوپەیمانی شیعە بێنە دەرەوە و بەدوای جۆرێکی دیکەی هاوپەیمانی بگەڕێت کە خۆی ناوی لێناوە هاوپەیمانی زۆرینەی سیاسـیی؟

سـەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسـیارە ڕەهەندی هەمەجۆر دێنە ئاراوە و لە ئاراسـتەی جیاوازەوە وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام پرسـیاری گرنگ لێـرەدا ئەوەیە کام ئاراسـتە وەڵامەکـەی لۆژیکانەتر دەبێت و دەتوانێت زۆرینەیەکی سیاسـیی ئەوتۆ دروسـت بکات کە مالیکی بە تەنیا بمێنێتەوە و نەتوانێت عێراق بەرەو کۆتایی هەڵدێر ببات. سەبارەت بەم لایەنە گرنگە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی شـیعە بکەین و ئەوە روونبکەینەوە کە مەرج نییە زۆرینەی سیاسـیی لەسەر دەستی مالیکی یان بە خواسـتی تاکرەوی مالیکی پێکبێـت، بۆیە لەم رووەوە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

١. ئەوەی گرنگە لە هاوکێشـەی سیاسـیی عێراقدا، ئەوەیە ئەو پرسـە یەکلایی بۆتەوە کە پێکهاتەی شیعە زۆرینەن و مافی خۆیانە پۆسـتی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهاتەی شیعە بێت، ئەوجا ئەو کەسە لە حزبی دەعوا بێـت، یان تەیاری سـەدر، یـان ئەنجومەنی باڵا یان تەنانەت فەزیلە، مەسەلەی شیعەبوونیش بەو مانایەی نوێنەرایەتی سیاسی پێکهاتەی شیعە بکات، نەك تەنیا بە ناسنامە شـیعە بێت وەك بەڕێز ئەیاد عەللاوی کە خۆی شیعەیە و نوێنەرایەتی بەشێکی پێکهاتەی سوننە دەکات. لەمـەش گرنگتر ئەو کەسـەی نوێنەرایەتی سیاسیی پێکهاتەی شیعە دەکات، دەبێت مەرجەعیەت پەسەندی بکات.

**لە عێراقی نوێدا بەشداری پێکهاتەکان لە حکومڕانی واتە هاوبەشی ڕاستەقینە لە حکومڕانی و بڕیار دروستکردندا، بۆیە ئەگەر تەنیا بەشداری بۆ ئەوە بێت بڵێن لە حکومەتی عێراقدا هێندە وەزیر و ئەندام پەرلەمانتارە کوردن، ئەوا لایەنی کوردستانی پێویستی بە بەشداری کارتۆنی نییە و ڕەتیدەکاتەوە**

**بە لابردنی مالیکی و بەکارهێنانی نفوزی ئەمریکا بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ئەوا لەم حاڵەتەدا چیدیکە دەوڵەتە دۆستەکانی ئەمریکا ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ناگرن و باشتر پشتگیری لێدەکەن**




**ئەوەی لەم هەڵبژاردنە نابێتە شانس بۆ مالیکی بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠، ئەوەیە ئەمجارە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا بۆ لابردنی مالیکی لەزۆر روانگەوە یەکدەگرێتەوە**

٢. بەپێی ئاکامە بەراییەکانی ئەم هەڵبژاردنەی ٣٠ نیسانی رابردوو، ئاماژەیەك دەرکەتووە کە لیستی دەوڵەتی یاسا ژمارەی دەنگەکانی لە هەریەك لە تەیاری سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی زیاترە، بەڵام زیادبوونی ئەمجارەی لیستەکەی مالیکی هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ نییە کە ٨٩ کورسی بەدەستهێنابوو دەیکردە ٥٠+١ی دەنگەکانی نێو هاوپەیمانی شیعە، ئەمجارە جیا لەوەی تەیاری سەدر نزیکەی دەنگەکانی پێشووی خۆی هێناوەتەوە، لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەناوی (مواتن) دەنگەکانی لە ٨ کورسیەوە بەرز بۆتەوە بۆ سەرووی ٤٠ کورسی و جەعفەری لەیەك کورسیەوە بۆ ١٠ کورسی بەرز بۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی نێو هاوپەیمانی شیعە یەکبگرن جیا لەوەی دەنگەکانیان لە لیستەکەی مالیکی زیاتر دەبێت، لە هەمانکاتدا لەناو پەرلەمانیش گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دەبن، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە زۆر نزیکە کە بەشێکی زۆری پێکهاتەی سوننە و لایەنی کوردستانی زیاتر لەگەڵ سەدر و ئەنجومەنی باڵا بگەنە رێککەوتن، نەك لەگەڵ دەوڵەتی یاسا.

٣. وەك دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ دادگای فیدراڵی یەکلایی کردۆتەوە، ئەو کوتلە پەرلەمانیە مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە کە زۆرترین کورسی لە پەرلەمان هەبێت، نەك ئەو لیستەی کە زۆرترین ژمارەی کورسی هەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن لیستەکەی د.ئەیاد عەللاوی کە ٩١ کورسی پەرلەمانی هەبوو لەبەرامبەر هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە کە دوای هاوپەیمانی کورسیەکانیان گەیشتە ١٦٨ کورسی نەیتوانی حکومەت دروست بکات، ئەمجارەش هەر بەوشێوەیە دەبێت. بۆیە ئەگەر هەردوو لایەنی سەدر و ئەنجومەنی باڵا بیانەوێت زۆرینەی سیاسیی دروست بکەن، ئەوا بە ئاسانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی شیعە و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و بەشێکی سوننە، دەتوانن زۆرینەی سیاسیی دروست بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەر مالیکی گرەو لەسەر ئەو زۆرینە سیاسییە خەیاڵ پڵاوییە دەکات، وەك ئەوەی عەبدولجەبار شەبوت لە رۆژنامەی سەباح ئاماژەی پێکردووە، بەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا دەتوانێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ لیستەکەی موتڵەگ و دوولایەنی سیاسی کوردی (بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان) زۆرینەی سیاسیی دروست بکات، ئەوا ئەو گرەوە نەك هەر خەیاڵ پڵاوییە، بەڵکو گرەو کردنە لەسەر ئەسپێکی دۆڕاو و زۆر زەحمەتە مالیکی و لیستەکەی بتوانێت نێوماڵی کورد بەش بەش بکات و بتوانێت یەکدوو لایەنی سیاسی کوردستانی رازی بکات هەتا بەشداری لە زۆرینە سیاسییەکەیدا بکەن، ئەوەشی پێش مالیکی بەم خەیاڵ پڵاوییە سیاسەتی کردووە، ئەوا چارەنووسی مالیکیش لەوان باشتر نابێت.

٤. لایەنێکی دیکە کە ئەویش بۆ نێو ماڵی شیعە گرنگە، یەکرێزی ماڵی شیعەیە، لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ ماڵی شیعە بەبێ لیستەکەی مالیکی تێکدەچوو، لەبەر ئەوەی لیستەکەی مالیکی زۆرینە بوو لەنێو

**ئەگەر لابردنی مالیکی بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، دۆزینەوەی رێگەیەک بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەلقاعیدە، ئەوا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەم ئامانجەدا هەمان بەرژەوەندی ئەمریکای دەبێت**



هاوپەیمانی شیعەدا، بەڵام ئەمجارە لەنێو هاوپەیمانی شیعە راستە دیسان یەکەم دەنگە، بەڵام زۆرینەی رەها نییە، بۆیە ئەگەر بەبێ مالیکیش هاوپەیمانی شیعە بیەوێت نوێنەرایەتی سیاسیی پێکهاتەی شیعە بکات، ئەوا ئەو هاوپەیمانیە دەتوانێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە حزبی دەعوا ناتوانێت دژایەتیماڵی شیعە بکات و رێز لە مەرجەعیەتی شیعە نەگرێت، خۆ ئەگەر حزبی دەعوا ئەم کارەی کرد، ئەوا خۆی رووبەڕووی خۆکوشتنی سیاسیی دەکاتەوە.

## رۆڵی ئەمریکا
## لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا

لە شەڕەکانی ئەنبار و فەللوجەی ئەم دواییەدا ئەمریکا ئەو راستیەی بۆ دەرکەوتووە، حکومەتی عێراقی چەند هێزی سەربازی لەبەردەست بێت و چەند تەکنەلۆژیای تازەی سەربازی بخرێتە بەردەست، ئەگەر هاووڵاتیانی عێراق پشتگیری حکومەت نەکەن، ئەوا حکومەتی عێراق لەو شەڕی دژە تیرۆردا سەرکەوتوو نابێت، هەربۆیە ئەگەر بێدەنگی ئەمریکا لە پێش هەڵبژاردنەکانی ٣٠ نیسان و چاوپۆشیکردنی لەرەفتارە تاکرەوییەکانی مالیکی لەو روانگەیەوە بووبێت، هەتا هەڵبژاردنەکان ئەنجامدەرێت، پاشاگەردانی لەعێراق دروست نەبووبێت و لەچەندین کەناڵی جیاوازیشەوە گوشاری خستبێتە سەر لایەنی کوردستانی و پێکهاتەی سوننە، بەوەی ئیدارەی بارودۆخەکە بدرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا دروست بکات، ئەوا لەدوای هەڵبژاردن و لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، دەبێت ئەمریکا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەگەر نا سیاسەتی ئەمریکا خۆی دەبێتە بەشێك لەو ستراتیژەی کە چەند رۆژێك لەمەوبەر ئەیمەن زەواهیری سەبارەت بە لقی عێراقی رێکخراوی ئەلقاعیدە ئاماژەی پێکرد و داوای کرد لە سوریا بکشێنەوە و بگەڕێنەوە عێراق و دژایەتی توندی حکومەتەکەی مالیکی بکەن، لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری پەیامەکەی زەواهیری بکەین بۆ لقەکەی قاعیدە لە عێراق دەتوانین ئەم خاڵانە دیاری بکەین:

١. ئەیمەن زەواهیری زۆر باش دەزانێت، ئێستا سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتی شەڕی دژە تیرۆر پیادە دەکرێت، بۆیە چەند رێکخراوی ئەلقاعیدە دژایەتی حکومەتەکەی نوری مالیکی بکات، هێندە ئەمریکا پشتگیری لە پێگەی مالیکی دەکات بۆ مانەوەی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا.

٢. ئەیمەن زەواهیری دەزانێت باشترین ژینگە بۆ سەرکەوتنی تیرۆر زاڵ بوونی نائومێدییە لەسەر دەروونی خەڵکەکە، ئەمەشی بە کردەیی لەو پارێزگا عەرەبییە سوننیە عێراقیانە بۆ دەرکەتووە کە لە مالیکی نائومێد بوون، توانیوویەتی بەتەواوەتی جێگەی پێی خۆی بکاتەوە و چەندین ناوچە داگیر بکات، هەروەك چۆن ئێستا شاری فەللوجە بەدەستی رێکخراوی ئەلقاعیدەوەیە، بۆیە لەم روانگەیەوە مانەوەی مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیران، هێندەی دیکە نائومێدی

**حکومڕانی هاوبەشی نیشتمانی کە ئەمریکا جەختی لەسەر دەکاتەوە بەبوونی مالیکی جێبەجێ نابێت، لەم حاڵەتەشدا ئەمریکا دەبێت لە نێوان مالیکی و ئاییندەی عێراقدا یەکێکیان هەڵبژێرێت**

**ئایا ئەمجارە ئەمریکا بە ئاسانی دەکەوێتە ناو پیلانەکەی رێکخراوی ئەلقاعیدە و سەرسەختانە پشتگیری مانەوەی مالیکی لە پۆستی سەرۆک وەزیران دەکات؟ ئیدارەی سەرۆک ئۆباما گەیشتۆتە قەناعەت مانەوەی مالیکی لە پۆستەکەی؛ عێراق بەرەو لەبەر یەکهەڵوەشان دەبات**

نەك هەر لە ئەنبار و فەللوجە زیاتر دەكات، بەڵكو ئەم نائومێدیە پەلدەكێشیت بۆ دیالە و تكریت و حەویجە و توزخوماتوو و لەوێشوە بۆ گیارە و شەڕقات و نەینەوا، بەمەش پانتاییەكی گەورە بۆ رێكخراوی ئەلقاعیدە دروست دەبێت بۆ ئەوەی نەوایەكی ئارام دروست بكات و سوریاو عێراق پێكەوە گرێبداتەوە.


٣. زەواهیری باش لەوە تێگەیشتووە، زۆربەی ئەو پسپۆر و شرۆڤەوانانەی ئەمریكا كە لەسەر عێراق و رێكخراوی ئەلقاعیدە كار دەكەن، زۆربەی زۆریان تەنیا لەرێگەی ڤیدیۆوە عێراقیان بینیوە و بە كردەیی شارەزای جوگرافیای عێراق نین، هەر بۆ نموونە سەرۆك ئۆباما لە ماوەی سەرۆكایەتی دووجاری ئەمریكا، تەنیا یەكجار سەردانی عێراقی كردووە و ئەوجارەش پێش ئەو كاتە بوو كە بەفەرمی سوێندی سەرۆك كۆماری خواردووە، ئەوجارەش تەنیا سەردانی پارێزگای ئەنباری كردووە، وەك دەستخۆشیكردنێك لەسەركەوتنی پرۆسەی زیادكردنی بەپەلەی هێزەكان، بەڵام لەماوەی دوو خولی سەرۆكایەتیدا، سەرۆك ئۆباما ئەو راستیەی لەبەرچاو نەگرتووە، كەسەركەوتنی پرۆسەی زیادكردنی هێزی بە پەلە بەسەرۆكایەتی ژەنراڵ پەتریۆس، راستە پشتگیری لۆژیستی ئەمریكا كاریگەری هەبووە، بەڵام ئەگەر هێزەكانی سەحوا دروست نەبوونایە و فەرماندەیی بەغدا دانەمەزرایە كە راستەوخۆ لەژێر چاودێری و فەرمانی ژەنراڵ پەتریۆسدا بوو، ئەو سەركەوتنە دروست نەدەبوو، هەر بۆیەش دوای پشتگوێخستنی ئەم لایەنە گرنگە، وەك ناوەندەكانی توێژینەوە لە ئەمریكا ئاماژەی پێدەكەن، سەرۆك ئۆباما بەرهەمی زیادكردنی بەپەلەی هێزی بەفیرۆدا.

كەواتە ئەم خوێندنەوەیە بۆ پەیامەكەی ئەیمەن زەواهیری بۆ دژایەتیكردنی مالیكی و حكومەتەكەی هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئەمریكا پێداگیری لەسەر مانەوەی مالیكی بكات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمجارە ئەمریكا بە ئاسانی دەكەوێتە ناو پیلانەكەی رێكخراوی ئەلقاعیدە و سەرسەختانە پشتگیری مانەوەی مالیكی لە پۆستی سەرۆك وەزیران دەكات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی ئاسان نییە، بەڵام ئاڕاستەی خوێندنەوەی هەواڵەكانی عێراق لە میدیاكانی ئەمریكا و توێژینەوەكانی سەنتەرە ستراتیژییەكان، ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما ئەمجارەیان وەك ساڵی ٢٠١٠ سەیری عێراق ناكات و هۆكاری ئەوەشی كە بەرەو ئەو راستیەمان دەبات ئەوەیە، كە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما گەیشتۆتە قەناعەت مانەوەی مالیكی لە پۆستەكەی؛ عێراق بەرەو لەبەر یەكهەڵوەشان دەبات، ئەوجا ئەگەر تائێستا ئەمریكا هەموو گوشاری خستبێتە كار بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت بارودۆخەكە رابگرێت، بۆ ئەوەی شەرعیەتێك بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشتیانە نفوزی خۆی بخاتە كار و رۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەوا لەدوای هەڵبژاردن، مەزندە دەكرێت بە تەواوی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و رۆڵێكی ئەكتیڤتر بگێڕێت و، لەم قۆناخەشدا بە ئاسانی بۆی دەكرێت لەبەر ئەم خاڵانە:

* ئەمریكا لە ساڵی ٢٠١٠ پشتگیری لە زۆرینەی هاوپەیمانی كوتلەی پەرلەمانی كرد، ئەمەش واتە هەر كوتلەیەكی پەرلەمانی دوای هاوپەیمانی كردن بتوانن زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەو مافی پێكهێنانی حكومەتی دەبێت، بۆیە لەم رووەوە ئەو بانگێشانەی مالیكی دەیكات بەوەی لیستی یەكەمە و دەتوانێت زۆرینەی سیاسیی پێكبهێنێت هیچ بایەخێكی نابێت و وەك بڵقی سەر ئاو وایە.

* ئەمریكا بۆی دەركەتووە مالیكی ناتوانێت ئیدارەی پرۆسەی حكومڕانی هاوبەشی راستەقینە لە عێراقدا بكات، لەماوەی چوار ساڵی رابردوو مالیكی نەیتوانیوە

**ئەیمەن زەواهیری زۆر باش دەزانێت، ئێستا سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتی شەڕی دژە تیرۆر پیادە دەکرێت، بۆیە چەند رێکخراوی ئەلقاعیدە دژایەتی حکومەتەکەی نوری مالیکی بکات، هێندە ئەمریکا پشتگیری لە پێگەی مالیکی دەکات بۆ مانەوەی لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا**



پۆستی چەند وەزارەتێك پەسەند بکات کە خۆی بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر ئیمزای لەسەر کردبوو، هەروەها نەیتوانی وەڵامی داخوازیی هاووڵاتیانی سوننە بداتەوە لە نەینەواوە بۆ دیالە و بۆ ئەنبار، بۆیە بیرکردنەوە لە حکومڕانی هاوبەشی نیشتمانی کە ئەمریکا جەختی لەسەر دەکاتەوە بەبوونی مالیکی جێبەجێ نابێت، لەم حاڵەتەشدا ئەمریکا دەبێت لە نێوان مالیکی و ئاییندەی عێراقدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بۆیە ئەوانەی زۆر زیرەکانە ئاراستەی سیاسەتی پراگماتیکانەی ئەمریکا دەخوێننەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی بە هیچ کەسێك ناگۆڕێتەوە، بەرژەوەندی ئەمڕۆی ئەمریکاش ئەوەیە کە ئاییندەی عێراق یەکگرتوو بێت و مانەوەی مالیکیش ئەم ئامانجە لەناو دەبات.

* ئەوەی لەم هەڵبژاردنە نابێتە شانس بۆ مالیکی بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠، ئەوەیە ئەمجارە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا بۆ لابردنی مالیکی لەزۆر ڕوانگەوە یەکدەگرێتەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر لابردنی مالیکی بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا لەو ڕوانگەیەوە بێت کە زەمینەیەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە پرۆسەی سیاسیی عێراق بژێیتەوە و عێراق لەمەترسی پارچە پارچە بوون بپارێزرێت، ئەوا لابردنی مالیکی بۆ بەرژەوەندی ئێران ئەوەیە کە یەکڕیزی نێوماڵی شیعە پارێزراو دەبێت و حکومڕانی عێراق بەدەستی ئەو خەڵکانەوە دەبێت کە هەر دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران بن، لەلایەکی دیکە ئەگەر لابردنی مالیکی بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، دۆزینەوەی ڕێگەیەك بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەلقاعیدە، ئەوا کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەم ئامانجەدا هەمان بەرژەوەندی ئەمریکای دەبێت، بۆیە ئەوەی دەبێتە گورزێکی کاریگەر بۆ لابردنی مالیکی، یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکایە، کە هەر ئەم هۆکارەش خاڵی یەکلاکەرەوە بووە بۆ دانانەوەی مالیکی لە ساڵی ٢٠١٠ بە سەرۆك وەزیران.

* لایەنێکی دیکە کە ئەویش هەر دژی شانسی مالیکی و بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا دەشکێتەوە، داخوازی دەوڵەتە دۆستەکانی ئەمریکا وەك قەتەر سعودیە و تورکیا کە دەیانەویت پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا مافی خۆیان پێبدرێت و بەشداری ڕاستەقینە بن لە حکومەتی عێراقدا، بۆیە بە لابردنی مالیکی و بەکارهێنانی نفوزی ئەمریکا بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ئەوا لەم حاڵەتەدا چیدیکە دەوڵەتە دۆستەکانی ئەمریکا ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ناگرن و باشتر پشتگیری لێدەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەبری ئەوەی زیاتر چاوەڕێی ناسەقامگیری و توندوتیژی بکرێت، زەمینەی هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە دێتە ئاراوە.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە دەگەینە ئەو ئاکامەی ئەمجارە ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە پشتگیریکردن بۆ مانەوەی مالیکی دەبێتە گوشار کردن لەسەر حزبی دەعوا و هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە بۆ ئەوەی مالیکی دووربخەنەوە.

**هەرێمی کوردستان**

**ژمارە قورسەکەی نێو هاوکێشە سیاسییەکان**

لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردووی سیاسەتی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە کێشەکانی عێراق و چۆنیەتی بەشداری کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، چەند خاڵێکی کردۆتە پرانسیپ، هەر ئەم پرانسیپانەش بنەمای چۆنیەتی مامەڵەکردنی لایەنی کوردستانی لەگەڵ کێشەکانی عێراق دەبێت و دەبنە بنەما بۆ چۆنیەتی بەشداری کردنی هاوپەیمانی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

**ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی نێو هاوپەیمانی شیعە یەکبگرن جیا لەوەی دەنگەکانیان لە لیستەکەی مالیکی زیاتر دەبێت، لە هەمانکاتدا لەناو پەرلەمانیش گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دەبن، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە زۆر نزیکە کە بەشێکی زۆری پێکهاتەی سوننە و لایەنی کوردستانی زیاتر لەگەڵ سەدر و ئەنجومەنی باڵا بگەنە ڕێککەوتن، نەک لەگەڵ دەوڵەتی یاسا**

**ئەگەر هەردوو لایەنی سەدر و ئەنجومەنی باڵا بیانەوێت زۆرینەی سیاسیی دروست بکەن، ئەوا بە ئاسانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی شیعە و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و بەشێکی سوننە، دەتوانن زۆرینەی سیاسیی دروست بکەن**



**مەرجەعیەتی باڵای شیعە بە دووبارە دەستنیشانکردنەوەی مالیکی بۆ ویلایەتی سێهەم بە ئاسانی پەسەند ناکرێت و ئاشکراشە لەسەر ئاستی ئیقلیمیش بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، تێڕوانین و بۆچوونەکانی مەرجەعیەتی شیعە سەنگ و بەهای خۆی هەیە**

**ئەم پانۆرامایەی ئاکامە بەراییەکانی ئەم هەڵبژاردنە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە عێراقدا پیشانی دەدەن، ئەو راستیەمان بۆ دەردەخەن کە حزبی سیاسیی عێراقی کاریگەر، بەو مانایەی عێراقیەکان بێ جیاوازی مەزهەب و نەتەوە دەنگی پێبدەن لە عێراقدا بوونی نییە**

١. هاوپەیمانی کوردستانی لە چوارچێوەی دەستووری ٢٠٠٥ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکات، کە بەپێی ئەم دەستوورە دەوڵەتی عێراق، دەبێت دەوڵەتێکی دیموکراتـی و پەرلەمانـی و فرەیی و فیدرالی بێت، تەنانەت لەکاتـی سـوێندخواردنە فەرمیەکانیش بۆ دیاری کردنی پۆستە سەروەرییەکان و وەزیرەکان دەبێت هەموویان کە سـوێندی یاسایی دەخۆن بەرگری لەم پرانسیپە بکەن.

٢. عێراق لەدوو نەتەوەی سـەرەکی پێکهاتوو ئەویش کـورد و عەرەبە، بۆیە دەبێت یەکێك لە دوو پۆستـە سەرەکیەکەی سـەرۆك کۆمار یان سـەرۆك وەزیران بەشی کورد بێت.

٣. هەرێمی فیدراڵی کوردستان هەرێمێکە جوگرافیای خۆی هەیە، راستە بەشێکە لە عێراق، بەڵام جوگرافیای کوردستان وەك بەشێك لە عێراق یەك جوگرافیایە و دەبێت سنوری ئەو جوگرافیایە سنوری هەرێمی کوردستان بێت لەناو دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت هەموو ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی ئێسـتای هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

٤. پێش ئەوەی رژێمی پێشـووی عێراق بڕووخێنرێت، هێزی پێشـمەرگەی کوردستان بەشێك بووە لە هێزی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتی بـۆ ئازادکردنی عێراق، ئەم هێزە زۆر بە ئاسانی توانی بەرەی باکور واتە هەرسێ پارێزگای دیالە و نەینـەوا و کەرکوك، ئازاد بکات، بۆیە ناکرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیسـتمی بەرگری عێراق هەژمار نەکرێت، دەبێت ئەم هێزە وەك نەواتی سیستمی بەرگری عێراقی ئازاد سەیر بکرێت و پاسەوانی هەرێمی کوردستان بێت.

٥. نـەوت و گاز بەپێی دەسـتووری عێراق موڵکی هەموو عێراقیەکانە، داهاتی ئەم سـەرچاوە سروشتیە بەیەکسـانی بەسـەر عێراقیەکاندا دابـەش دەکرێت، دەستووری عێراق رێگەی داوە بە هەرێمە فیدرالیەکان بـەوەی بە هاوبەشـی ئیدارەی ئـەو کێڵگە نەوت و گازیانە بکەن کەدوای ٢٠٠٣ وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، بۆیە لایەنی کوردستانی ئەم مافە دەستووریە خۆی پیـادە دەکات و دەبێت حکومەتـی بەغدا رێز لەمافە دەستووریەکانی کوردستان بگرێت.

٦. بۆ ئەوەی سـوپا و دەزگاکانی ئاسایشـی عێراق دەزگای نیشـتمانی بن و هەموو هاوولاتیانی عێراق بە سوپا و ئاسایشـی خۆیانی بزانن، ئەوا دەبێت ئەم دەزگایانە رەنگدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بن و بەپێی رێژەی دانیشتوان هەموو پێکهاتەکان بەشدار بن، نەك تەنیا قۆرخ بکرێن بۆ حزبێك یان پێکهاتەیەکی دیاریکراو.

٧. لـە عێراقـی نوێدا بەشـداری پێکهاتـەکان لە حکومڕانی واتە هاوبەشـی راستەقینە لە حکومڕانی و بڕیار دروستکردندا، بۆیە ئەگەر تەنیا بەشداری بۆ ئـەوە بێت بڵێن لە حکومەتـی عێراقدا هێندە وەزیر و ئەندام پەرلەمانتارە کوردن، ئەوا لایەنی کوردسـتانی پێویستی بە بەشداری کارتۆنی نییە و رەتیدەکاتەوە.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکـردن، ئەمانە داواکاری حزبێك یان لایەنێکی سیاسیی نین هەتا دانوستاندنی لەسەر بکرێت، هەروەها ئەمانە داواکاری نەتەوەیەك یان گەلێکیش نییە هەتا وتوێژ یان دانوسـتاندنی لەسەر بکرێت، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵێك پرانسـیپن بۆ پێکەوە ژیانـی نێوان دوو نەتەوە، گرێبەسـتێکە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، بۆیە ئەو لایەنەی کە دەیەوێت یەکێتی خاکی عێراق پارێزراو بێت، دەبێت پێشـوەختە بەم خاڵانە رازی بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و بەردەوامی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا بەردەوام بێت.

پێدەچێت بەڕێز نوری مالیکی و ئەوانەشـی بەناوی ئەوەوە لێدوان دەدەن، هێشتا لەوە تێنەگەیشتبن عێراقی نوێ لەسەر چ بنەمایەك بونیادنراوەتەوە و کورد چۆن رازی بووە ببێتەوە بە بەشـێك لە عێـراق لەکاتێکدا ماوەی ١٢ سـاڵ بە کردەیی سەربەخۆ بووە و خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەبردووە، کە دەشـڵێن پێدەچێت نوری مالیکی لەو راستیە تێنەگەیشتبێت، ئەو بڕگە شاراوانەی نێو دواین وتاری هەفتانەیەتی کە دەڵێت: (لەسـاڵی ٢٠٠٥ ئەوەی دەنگی بەدەستووری عێراق دابێت، مافی چارەنووسـی خـۆی پیادەکردووە) ئەم قسـەیە تەنیا هێندە هەڵدەگرێت پێی پێبکەنین، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دەنگ بەو دەستوورە دراوە، کە ئەو مافانەی لەسـەرەوە ئاماژەمان پێکردن، کردووینە پرانسـیپ بۆ مانەوەی کورد لەگـەڵ عێراقدا، هەر کاتێکیش حکومەتی بەغدا ئەوجا مالیکی سـەرۆك وەزیران بێت یان هەر کەسێکی دیکە، رێز لەو پرانسیپانە بگرێت، کورد ئامادە دەبێت هاوبەشـی راستەقینە بێت لە حکومەتـی فیدرالی، بەڵام کاتێك نوری مالیکی خۆی ئەو پرانسـیپانە دەیەوێت پێشێل بکات، ئەمەش مانـای ئەوەیە دەبێت چاوەڕێی ئـەوە بکات کە ئەو گرێبەسـتەی کورد بە عێراقـەوە گرێدەداتەوە و پێی دەڵێن دەسـتووری عێراق، ئەوا بایەخی نامێنێت، بۆیە ئەوەی رێز لە دەسـتوور نەگرێت، هەق نییە باسـی دەستوور بکات.



لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژە بە حکومەتی فیدرالی دەکات و لە هەمانکاتدا ئاماژەش بە حکومەتێکی سەنترالی بەهێز دەکات، لەمەش زیاتر باس لە یاسای نەوت و گاز دەکات، ئەو یاسایەی هەموو دەسەڵاتەکانی سیاسەتی نەوت و گاز دەخاتە چوارچێوەی دەسەڵاتە سنوردارەکانی حکومەتی ناوەندییەوە، ئەمەش دیسان جێگەی ئەوەیە هەر پێی پێبکەنین، چونکە تەفسیرەکەی مالیکی بۆ دەستوور گێڕانەوەی عێراقە بۆ دیکتاتۆریەت نەك بونیادی دەوڵەتێکی فیدرالی بەمجۆرە:

- بەپێی دەستووری عێراق، عێراقی نوێ دەوڵەتێکی فیدرالی دەبێت.
- لەم دەوڵەتە دەوڵەتی فیدرالی لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتی دادوەری دابەش دەکرێت و هەموو پێکهاتەکانی عێراق هاوبەشی راستەقینە دەبن لەم دەسەڵاتانەدا.
- دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی فیدرالی هەرێمەکان دابەش دەکرێت، دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی سنوردار دەبێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان دەبێت، ئەمەش وەك جۆرێك لە رێگە گرتن لە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری لە عێراقدا.
- ئامانج لە دەستووری عێراق پاراستنی کەمینەیە نەك رێگەدان بە دیکتاتۆریەتی زۆرینە، بۆیە لە دەستووردا هاتووە ئەگەر رێژەی ٣/٢ی دانیشتوانی ٣ پارێزگا هەموارکردنی دەستووریان رەتکردەوە، ئەوا دەستوور هەموار ناکرێتەوە، بۆیە دەستووری عێراق چەترە بۆ پاراستنی هەموو پێکهاتەکان.

لەم چوارچێوەیەدا بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرجی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتوو وەك بنەمای نیشتمانی بۆ هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان خستۆتە روو، بۆیە دەبێت مالیکی ئەوە لەبیر خۆی بباتەوە کە بتوانێت بەرامبەر هاوپەیمانی کوردستان یاری بە تەفسیرکردنی دەستوور بکات، چونکە مەسەلەی دەستوور بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆتە پرانسیپی نیشتمانی و هەموو کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەستوور جێبەجێ بکرێت، لەمەش زیاتر هاوپەیمانی کوردستانی بەیەك دەنگ داکۆکی لەمافە کوردستانیەکانی خەڵکی خۆیان دەکەن، بۆیە باشترە پەنا بۆ گەمەی سیاسی نەبات و کورد یان پرۆسەی سیاسیی دەخاتەوە سەر سکەی خۆی یان دەبێت ئەو عێراقەی مالیکی حکومڕانی دەکات دراوسێی کوردستان بێت.



### عارف تەیفور بۆ گۆڵان:

# عێراق پێویستی بە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی یە، هیچ لایەک لە هاوپەیمانی زۆرینەی سیاسی سەرکەوتوو نابێت

**هێشتا ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە فەرمی رانەگەیەنراوە، بەڵام جموجۆڵەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و دارشتنی نەخشەی سیاسی عێراق دەستی پێکردووە، بۆ قسەکردن لەسەر مەزندەکان بۆ ئاییندەی عێراق و ئەو گۆڕانکاریانەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەیهێنێتە ئاراوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەتا ئێستا تەنیا هەندێك لە ئاكامە بەراییەكان بەشێوەیەکی نافەرمی دەرکەوتوون، ئایا تاچەند ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاری لەنەخشەی سیاسیی عێراقدا دروست دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە؛ هەڵبژاردنی ئەمجارە گۆڕانکارییەکی تێدا دەبێت، هەرچەندە رەنگە سیما و سەروچاوەکان زۆر نەگۆڕدرێن، بەڵام لە رێژەو پێشکەوتنی لایەنەکان کە کورسییان بە دەستهێناوە گۆڕانکارییەك دەبینرێت، لەم حاڵەتەشدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ نەخشەیەکی نوێ بۆ ئاییندەی عیراق دابرێژرێتەوەو لایەنەکانیش بەپێی راگەیاندراوەکانیان هەندێك لەیەکترەوە دوورن، هەندێکیان لەو بڕوایەدان کە حکومەتی زۆرینە بەکاربهێنن وەك مالیکی و گرووپەکەی لە کاتێکدا ئەوانیش ٥١٪ یان بۆ کۆناکرێتەوە، هاوکات هەندێکیان پێیان باشە حکومەتی شەراکەت و هاوبەش پێکبهێنرێت، ئەوانیش زۆرینەیان بۆ پەیدا ناکرێت، تەنانەت ئەگەر زۆرینەشیان بۆ پەیدا بکرێت، ناتوانن لایەن و جەمسەری تر فەرامۆش بکەن، لەبەرئەوە پێکهێنانی حکومەت لە ئاییندەیەکی نزیکدا بە زەحمەتی دەزانم و ماوەیەکی زۆرتری دەوێت تا لایەنەکان هەموویان بگەنە یەکتری و زیاتریش ئەمە دەکەوێتە سەر شانی ئیئتیلافی شیعیی، ئەوان دەتوانن مالیکی بگۆڕن و کەسێك دابنێن کە بەلای لایەنەکانی دیکەوە پەسەندو شیاوتر بێت، ئەوکات رەنگە بە ئاسانتر لایەنەکان بتوانن بگەنە یەکتر بۆ پێکهاتنی حکومەت.

*** ئەو ئەگەرەی کە باسی ئەوەی تێدا دەکرێت کە کەسێکی تر باشتر لە مالیکی بتوانرێت دابنرێت، بۆ ئەوەی ئەو نەخشە نوێیەی بۆ ئاییندەی عێراق باست لێکرد دابڕێژرێتەوە چەند ئومێدی جێبەجێکردنی هەیە؟**

- ئەگەری زۆر هەیە کە کەسێکی تر دابنرێت، ئەمەش دوای ئەوەی لایەنەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتی یاسا ناکەن تا وەك مەرج مالیکی لانەبرێت، رەنگە ئا لەو کاتەدا دەوڵەتی یاسا بیر لە کەسێکی دیکە بکاتەوە بۆ ئەو پۆستە، ئەگەرچی ئەم ئەگەرە لاوازیشە، چونکە دەوڵەتی یاسا تا بتوانن پێداگیری دەکەن بۆ ئەوەی مالیکی بۆ جاری سێیەم بۆ سەرۆکی وەزیرانی عێراق دابنێنەوە.

*** ئێستا باس لە هاوپەیمانێتی زۆرینە دەکرێت، لە بری حکومەتی شەراکەتی راستەقینە، ئایا ئەو هاوپەیمانێتییەی باسی لێوە دەکرێت عێراق بەرەو کوێ دەگەیەنێت؟**

- زیاتر مالیکی و گرووپەکەیەتی لەو هەوڵەدان و باس لە پێکهێنانی هاوپەیمانی زۆرینەی سیاسی دەکەن، بەڵام من وای دەبینم وا بە ئاسانی بۆیان ناچێتە سەر، چونکە جیاوازییەکان لە نێوان لایەنی شیعی و سوننە و شیعەو شیعەش زۆر بەهێزە، بڕوا ناکەم بە ئاسانی بگەنە ئاکامێکی وا تا زوو حکومەت دەستنیشان بکەن، حکومەتی زۆرینەش داهاتوویەکی روونی نابێت ئەگەر زۆربەی لایەنەکانی تر پشتگوێ بخەن، چونکە حکومەتێکی لەو شێوەیە هەمیشە لە کێشەی بێ برانەوەدا دەمێنێتەوە.

*** تا چەند بەم شێوەیە دەتوانرێت وڵات بەڕێوەببرێت، لەڕێی پەراوێزخستنی چەندین لایەنی دیکە بە بیانووی پێکهاتنی حکومەتی زۆرینەوە؟**

- هەر خۆی مکوڕبوون و سووربوون لەسەر حکومەتی زۆرینە پەراوێزخستن و وەلاوەخستنی لایەنێك لە لایەنەکانە، چونکە سوننەکان کەسێکی وایان نییە تا بتوانن حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن، بەڵکو لە هەوڵدا دەبن بە جددی بەشدارییان هەبێت، هاوکات کوردیش هەمان هەوڵی دەبێت بۆ بەشدارییەکی کارا، بۆیە لەو بڕوایەدام ناتوانن وا بە ئاسانی حکومەتی زۆرینەیان بۆ پێکبێت.

*** ئەوانەی بانگەشەی لەو شێوەیە دەکەن، ئایا پێتوانییە لە کۆتاییدا ناچار بن هەر بگەڕێنەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی سیاسی لەسەر بنەماکانی هاوبەشایەتی راستەقینە؟**

- لەبەر ئەوەی تا ئێستا عێراق سەقامگیری بە خۆوە نەبینیوە، ئەوان ناتوانن حکومەتێك بە حیسابی زۆرینە دابمەزرێنن، لەبەر ئەوە پێویستیان بە بەشداری هەموو لایەنەکانی ترە بۆ ئەو حکومەتەی کە دادەمەزرێت، دۆخی عێراق وایلێهاتووە ئەگەر لایەنی سوننە لە پێکهاتنی حکومەتدا بەشدار نەبێت ناوچەی سوننە هەمووی لەسەر هێڵی یاخیبووندا دەبێت، ئەگەر لایەنی کوردی تێدا بەشدار نەبێت سەرکردایەتی کورد لەگەڵ ئەو حکومەتە پێکهاتووەدا نابێت، لەبەر ئەوە ناچارن کە هەموان بخەنە بەشدارییپێکردن لەو حکومەتەی داهاتوودا.

*** ئەمجارە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەحرارو مواتن و فەزیلەش کورسییەکانیان زیادی کردووە، ئەمەش جۆرێك لە هاوکێشەکانی گۆڕیوە پرسیار ئەوەیە تا چەند کوردو سوننەو شیعە دەتوانن زۆرینەی سیاسی لە دەرەوەی مالیکی دروست بکەن؟**

- دەتوانن دروستی بکەن ئەگەر بیانەوێت، بەڵام ئەمیشیان هەر بە ئاسانی ناکرێت، چونکە دەرهاویشتنی لیستی مالیکی بە تایبەتی حزبی دەعوە زۆر زەحمەتە لە هاوکێشەکە دەربچێتە دەرەوە، چونکە ئەوانە زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوە، وەك لێکدەدرێتەوە نزیکەی هەشتا کورسییان هێناوە، بە ئومێدی زیاتریشن، لەبەرئەوە لایەنێك ئەم هەموو کورسییەی هێنابێت ناتوانرێت وا بە ئاسانی پەراوێز بخرێت، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی تری کوردو سوننەو هەندێك لە شیعەکانی تریش پەراوێزی بخەن بۆ ئەوەش بڕوا ناکەم ماڵی شیعیی بهێڵێت تووشی بەش بەشی ببن، بە تایبەتی ئێران ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێت، ئێستا ئێران و مەرجەعیەتیش فشاریان بۆ هێناون کە ئەمانە بە یەکڕیزی بمێننەوە ئەگەرچی بە یەکتریش رازی نەبن، تا دواجار ماڵی شیعی تێکنەچێت، لەبەر ئەوە زەحمەت دەبێت حکومەتێکی سوننی شیعی کوردی دروست بکەیت و هاوکات لایەنی دەوڵەتی یاسا بخەیتە پەراوێزەوە، نە ئێران نە مەرجەعیەت رازی نابن بەوەی لایەنێکی شیعی وا بەهێز فەرامۆش بخرێت.

*** لە کۆی ئەو هەموو کێشمەکێش و گۆڕان و دووربینانەدا، سیناریۆکانی کورد چییە؟**

- دەکەوێتەوە سەر کورد خۆی تا چەند یەکڕیز دەبێت لە ناو خۆیدا، ئەگەر بە یەکڕیزی بچێتە پێشەوە نزیکەی ٦٠ کورسی مسۆگەری دەبێت، جاری پێشوو ٥٧ کورسیمان هەبوو ئەمجارە بووینەتە ٦٠ کورسی، لەسەروەختی کە یاسای هەڵبژاردنمان دادەنا سێ کورسیمان زیاد کرد، یەك بۆ سلێمانی و یەك بۆ دهۆك و یەك بۆ هەولێر و کۆی گشتی بوو بە ٦٠ کورسی، ئەگەر کورد بە یەکدەنگی بچنە ئەوێ دەتوانن ویست و ئیرادەیەکی کوردی بسەپێنن و دەسکەوتیان هەبێت، بەڵام ئەگەر بە تاك تاك بچنە پێشەوە باوەڕ ناکەم بتوانن هیچ شتێك بە دەست بهێنن..

*** لە پێش هەڵبژاردنەکانەوە بەهۆی ئاڵۆزبوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان راگیران، ئێستا باس لە بابەتی دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان دەکرێتەوە و هەروەها باس لە مەسەلەی تێپەڕاندنی پڕۆژەیاسای بودجەش هاتۆتە ئاراوە، رۆژانی داهاتوو پێشهاتەکان دەچنە چ بارێکەوە؟**

- لەوانەیە پەرلەمان بۆ هەندێ پڕۆژەیاسا کۆببێتەوە، بەڵام هیچ کاتێك نیصابی یاسایی بۆ تەواونابێت، ئەمە هاوکێشەیەکی سەیرە دەوڵەتی یاسا دەڵێن ئەگەر بودجە نەخرێتە بەرنامەی کارەوە ئێمە بەشداری لە دانیشتنەکاندا ناکەین، ئێمەیش وەك کورد دەڵێین ئەگەر باسی بودجەی تێدا بێت ئێمە ناچینە ژوورەوە بۆ دانیشتن، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە دانیشتن بکرێت بۆیە باوەڕ ناکەم کە بودجە تێپەڕێنرێت و هەروا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوەو هیچ دەنگی لەسەر نادرێت و دەمێنێتەوە بۆ پەرلەمانی تازە.

**ئەگەر کورد بە یەکدەنگی بچنە ئەوێ دەتوانن ویست و ئیرادەیەکی کوردی بسەپێنن و دەسکەوتیان هەبێت، بەڵام ئەگەر بە تاك تاك بچنە پێشەوە باوەڕ ناکەم بتوانن هیچ شتێك بە دەست بهێنن**

**دۆخی عێراق وایلێهاتووە ئەگەر لایەنی سوننە لە پێکهاتنی حکومەتدا بەشدار نەبێت ناوچەی سوننە هەمووی لەسەر هێڵی یاخیبووندا دەبێت، ئەگەر لایەنی کوردی تێدا بەشدار نەبێت سەرکردایەتی کورد لەگەڵ ئەو حکومەتە پێکهاتووەدا نابێت**

# سیاسەتی واشنتۆن بەرامبەر دیکتاتۆرە نوێیەکان

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر *
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست میسردا بە ڕەوتێکی خێرا لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچێت. دوایین هەنگاوی هەڵەش بریتی بوو لە بڕیاری فرۆشتنی ١٠ هێلیکۆپتەری هێرشبەری جۆری ئەپاتچی بە قاهیرە. بە گوتەی چەك هاگڵی وەزیری بەرگری، ئەو فڕۆکە بەهێزانە بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆرستان لە نیمچەدوورگەی سینادا بەکاردەهێنرێن، بەڵام واشنتۆن کۆنترۆڵی بەسەر ئەم ئەپاتچیانەوە نییە، کاتێك دەکەونە دەست جەنەراڵەکانی میسرییەوە. ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بەوە بەدناون کە ئەم هێلیکۆپتەرانە بۆ ترساندن یان کوشتنی ئەو خۆپیشاندەرانە بەکاردەهێنن کە تەحەددای دەسەڵاتەکە دەکەن.

بە ڕەچاوکردنی ئەو تۆمارەی تا ئێستا گروپە ئەفسەرەکەی جەنەراڵ عەبدولفەتاح ئەلسیسی هەیانە، ئەوا بڕیاری فرۆشتنی ئەم چەکە کوشندەیە بەو حکومەتە لە ڕاددەبەدەر بڕیارێکی نەگونجاوە. ڕژێمەکەی سیسی سەدەها خۆپیشاندەری دڵسۆزی موحەممەد مورسی کوشتووە، ئەو سەرۆکە هەڵبژێردراوەی کە سوپا لە دەسەڵات دووری خستەوەو دادگا ملکەچەکانیشی حوکمی مەرگیان بەسەر سەدانی دیکەدا سەپاندووە. ئەو حوکمانەش لە دوای چەندین دادگاییکردنەوە دەرکران کە تەنانەت ڕێز لە بنەڕەتیترین ڕەواڵەتەکانی دادگایەکی دادپەروەرانە نەگیرا. ڕاپۆرتەکانی (بی بی سی) کە جێی متمانەو میسداقیەتن، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەشکەنجەدانی زیندانە سیاسییەکان دووبارە بوونەتەوە مۆرکی ژیانی میسر.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی مورسی و شوێنکەوتووانی ئیخوان موسلمین بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە و نیگەران ئاسا ڕەفتاریان کردووە و شێوازی حکومڕانیان پاشماوەی دیموکراسییە ساختەکانی وەك ڤلادمیر پۆتین یان فەنزویلای هۆگۆ شافێز بوو. بە دڵنیاییەوە ئەرکی واشنتۆن ئەوە نەبوو، هاوکاری دارایی یان هاوکاری دیکە بۆ حکومەتەکەی مورسی دابین بکات، هەروەها ئەمریکا هیچ ئەرکێکی لە ئەستۆ نەبوو کە ڕێگە لە ڕوودانی کودەتاکەی سیسی بگرێت.

بەڵام بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما ئەرکێکی ئەخلاقیان هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن ئەمریکا ببێتە شەریك لەو سەرکوتکارییە دڵڕەقانەی حاڵی حازر کە لە میسردا ڕوودەدات. ڕەفتای واشنتۆن مایەی بێزراوی و ڕەتکردنەوەیە، لەم ڕووەوەش فرۆشتنی ئەپاتچیش دوایین هەنگاوی خراپی ئەو وڵاتە بوو. تەنانەت بەرپرسانی ئەمریکا بوار بە خۆیان نادەن کودەتاکەی سیسی بە « کودەتا» ناو ببەن، و بەرپرسانی ئیدارەکە ئەم حوکمە بە کۆمەڵانەی مەرگیان-کە لەلایەن دادگاکانی میسرەوە دەرکراون-، بە دەستەواژەیەکی سارد و سڕی وەك «نەگونجاو» وەسف دەکەن. هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی ئەمریکا بێ پچڕان بەردەوامن.

هێشتا بە ڕەسمی واشنتۆن بە توندی دەست بەو بیرۆکەیەوە دەگرێت کە سیسی و هاوەڵەکانی دیموکراسییان بۆ میسر گەڕاندەوە. ئەم تێڕوانینە لە باشترین حاڵەتدا خەیاڵئامێز و لە خراپترین حاڵەتدا بەدنیازیی لە خۆدەگرێت. هاوەڵێکی پایەدارم لە بواری سیاسەتی دەرەوە لە کۆتایی نیساندا سەردانی میسری کرد و سەرنجی ئەو ڕاستییەی دا کە لە ڕاستیدا نزیکەی سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئیدی ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبردرێن یان ئەوانەی لە ڕواڵەتدا لە ژێر کۆنترۆڵی کەرتی تایبەتدان، نزیکەی هەمان کار دەکەن، ستایشکردنی سیسی و ڕەشکردنی مورسی و ئیخوان بە وروژێنەرترین شێوازی سۆزداری کە مومکین بێت.

چاودێران سەرنجی ئەو شکۆ شەخسییەیان داوە کە بۆ ئەلسیسی دروست کراوە کە ئەمەش بە مانای سەرکەوتنی پێشوەخت دێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. کۆنترۆڵی توندی پرۆسەی هەڵبژاردن زەمانەتی ئەو دەرئەنجامە دەکات. کۆمەڵە ئەفسەرە حکومڕانەکە نیازی خۆیان نەشاردەوە، کاتێك دەستورە نوێیەکەیان خستە ڕاپرسییەوە و بە زۆرینەی لە سەدا ٩٨یش پەسەند کرا. واشنتۆن ڕاهاتبوو کە بە زمانێکی گاڵتەجاڕی باس لە هەڵبژاردنی ساختەی لەم شێوەیە بکات لە وڵاتە کۆمۆنیستەکانی سەردەمی شەڕی سارددا، هەروەها سەرکردەکانی ئەمریکاش بەم دواییە بە گاڵتەجاڕیەوە باسی ڕاپرسی جیابوونەوەی ئۆکرانیایان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، گومانبردنێکی ئاشکرامان نەبینی، چ جای ڕەخنەیەکی بێ پەردە، لە ئاست شەرعییەتی ڕاپرسییەکەی دەستووری میسردا.

دووبارە واشنتۆن پیشانی دایەوە کە ئامادەیە پاڵپشتی لە دیکتاتۆرە بەڵتەجییەکان بکات، تا ئەو کاتەی کە بە ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمەریکا دۆست بن.

ئیدارە یەك لە دوای یەکەکانی ئەمریکا ئەم کارەیان لەگەڵ حوسنی موبارەکدا کرد لە ماوەی سی ساڵی حکومڕانیدا لە قاهیرە، هەمان شتیش ڕاست بوو لە ڕەفتارکردنیاندا لە ئاست شای ئێران و فێردیناند مارکۆس لە فیلیپین، هەروەها پارك چانگ هی لە کۆریای باشوور و زۆرێك لە «دیکتاتۆرە دۆستەکان»ی دیکە. کردەوەکانی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست بارودۆخی میسردا ئاماژەیە بەوەی سەرکردەکانی ئەمەریکا پەشیمانییەکی کەمیان هەیە لە ئاست ئەو ڕووداوە نامۆڕاڵیانەدا.



*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

# مرۆڤ لەنێوان ماف و ئەركدا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

سەرەتا:

(جەنگ لەسەر خراپ حاڵیبوون لەماف و ئەرك بەرپا دەبێت، جەنگیش لەعەقڵی مرۆڤەكاندایە پێش ئەوەی لەدەستیاندا بێت، بۆیە بۆ ئەوەی ئاشتیی بەرقەرار بێت، هەر دەبێت باش حاڵیبوون لەماف و ئەركەكانیش لەعەقڵەوە دەست پێبكەن).

**زانینی مافەكان و ئەركەكان چ سوودێكی هەیە؟**

١- بۆ پارێزگارییكردنی مرۆڤ لەمافە تاكەكەسییەكانی.

٢- بۆ پاراستنی مافە گشتییەكانی لەهەر پێشێلكردن و دەستدرێژییەك.

٣- بۆ ڕێزگرتن لەبەرامبەر و دانتان بەمافەكانیی.

٤- بۆ قەبوڵكردنی جیاوازییەكان.

٥- بۆ كاركردن بە بنەمای سازان و تەوافوق.

٦- بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەڕێگەچارەی ئاشتییانە.

**واتای چەمكی مافەكانی مرۆڤ چیە؟**

(مافەكانی مرۆڤ كۆمەڵێك تایبەتمەندێتی زامنكراو و سروشتیی هەر مرۆڤێكن، كە بە یاسا دەپارێزرێن.

مافە بنەڕەتییەكانیش بریتیین لە كەرامەتی ئینسان و نان و ئازادیی و ئاسایش).

چەمكی مافەكانی مرۆڤ (٣) بنەمای هەیە:

١- مرۆڤی خاوەن ماف بریتییە لەئینسان نەك تاك، چونكە تاك ئاماژەیە بۆ جەستە، بەڵام ئینسان ئاماژەیە بۆ جەستەو رۆح و هزرو كەرامەت.

٢- مافەكان جۆراوجۆرن وەك: مافە سیاسیی و مەدەنییەكان و، مافە ئابووریی و كۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییەكان و، ئازادییەكان.

٣- پێویستیی پاراستنی ماف و ئازادییەكان لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانیی و جیهانیی.

**هاوكێشەی كۆمەڵایەتیی بۆ پێوەندیی نێوان مافەكان و ئەركەكان**

پێوەندییەكی بەهێز هەیە لەنێوان مافەكان و ئەركەكان وەك هەردوو ڕووی دراو:

(ئەرك)ی تۆ دەبێتە (ماف) بۆ خەڵكی دیكە، (ئەرك)ی خەڵكی ئەوانی دیكە دەبێتە (ماف) بۆ تۆ.

بەم شێویە هەموو كار دەكەن، ئەركەكان دەبنە ماف و مافەكانیش دەبنە ئەرك لەلایەكی دیكەوە.

**(٣) جۆر كۆمەڵگە هەیە**

یەكەم: كۆمەڵگەی شارستانیی و پێشكەوتوو:

ئەو كۆمەڵگەیەیە كە ئەرك بەجێهێنان تیایدا زیاتر دەبێت لەماف داواكردن.

دووەم: كۆمەڵگەی هاوسەنگ:

ئەو كۆمەڵگەیەیە كە ئەرك بەجێهێنان تیایدا یەكسان دەبێت بەماف داواكردن.

سێیەم: كۆمەڵگەی داڕووخاو:

ئەو كۆمەڵگەیەیە كە ماف داواكردن تیایدا زیاتر دەبێت لە ئەرك بەجێهێنان.

**كامیان لەپێشدا، ماف یان ئەرك؟**

هەندێك لەبیرمەندان دەڵێن:

(لەبەر ئەوەی تاك و یاسای سروشتیی، پێش دەوڵەت و یاسادانراوەكان كەوتوون، بۆیە ماف پێش ئەركە).

هەندێك لەبیرمەندانیش دەڵێن:

(مافی تاك واتە ئەركی تاك، بۆیە ناكرێت پێش بەجێهێنانی ئەرك داوای ماف بكرێت، هەروەها یاساكان داوای بەجێهێنانی ئەرك لەخەڵك دەكەن لە بەرامبەر پێدانی مافەكانیان، كەواتە ئەرك لەپێشترە).

لەنێوان ئەم دوو ڕایەدا، وەك چارەسەرێكی مامناوەندیی، هەندێك لەبیرمەندان دەڵێن:

(لەمافە سەرەكییەكاندا ماف پێش ئەركە، بەڵام لەمافە لاوەكییەكاندا ئەرك پێش مافە، یان دەڵێن لەئاشتیدا ماف پێش ئەركە، بەڵام لەكاتی شەڕدا ئەرك پێش مافە).


هەروەها بەپێی (ئینیسكلۆپیدیای بەریتانی) هاوسەنگیی نێوان مافەكان و ئەركەكان پێویستە، چونكە هاووڵاتیبوون واتە: (پێوەندیی نێوان تاك و دەوڵەت، لەماف و ئەركداو، لەئازادیی و بەرپرسیارێتییدا، لەبەر ئەوەی ماف بریتییە لەوەرگرتن، بەڵام ئەرك بریتییە لەبەخشین، بۆیە وەرگرتن بەبێ بەخشین نابێت).

بۆیە ماف پێویستیی بە داكۆكیكردن هەیەو، ڕێكخراوی هەیە، بەڵام ئەرك پابەندبوونێكی ئەخلاقییەو بەشێكە لەئەخلاق.





# له ڕێکخراوەکانی خۆبەخشی لاوانەوە
# هەستی مرۆڤایەتی و
# ئینتیمای نیشتمانی بەرز دەبێتەوە





**لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو جگە لە سێ ستوونەکەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان، چەندین گرووپ کەسایەتی خۆبەخش لەناو ریزەکانی شۆڕش دەرکەوتن وەکو مامۆستایانی شۆڕش کە بێ بەرامبەر وانەیان دەوتەوەو ڕێگایان نەدا خوێندن لەناوچە ئازادکراوەکان بووەستێت**

**بەدەگمەن لاوێکی پزیشک یا مامۆستایەک دەبینیت کاری خۆبەخشی ئەنجام بدات**

ڕێکخراوی خۆبەخشانە (Voluntary organizations) لەگەڵ ئەوەی هاوشێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵێك تاکی چالاك پێکدێن و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکدا پێکەوە کار دەکەن، بەڵام لەڕووی شێوازی کارکردنیانەوە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (civil society organizations) جیاوازن، جیاوازی نێوان ڕێکخراوە خۆبەخشەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو خاڵەدا چڕدەبێتەوە، بەوەی زۆر جار ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك گرووپی فشار بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەت و رای گشتی کاردەکەن، بەڵام ڕێکخراوە خۆبەخشەکان زیاتر وەك هەستێکی مرۆڤدۆستی و بە هاناوە چوون، یان بەشداری کردن لە رووداو یان بۆنەیەکی تایبەتی نیشتمانی بەبێ ئەوەی کەس داوای لێکردبن، ئاسانکاری پێشکەشی ئەو تاك و گرووپانە دەکەن کە ئەوان هەست دەکەن پێویستیان بە هاوکاری ئەوانە، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە لەسەر ئاستی نیشتمانی دروست بوون و تەنیا لە چوارچێوەی سنوری نیشتمانی یەك دەوڵەتدا خزمەتیان پێشکەشی هاووڵاتیانی خۆیان کردووە، بەڵام دواتر ئەم ڕێکخراوە خۆبەخشانە سنوری نیشتمانی دەوڵەتەکانیان تێپەڕاندووە و بوونە ڕێکخراوی خۆبەخش لەسەر ئاستی جیهان، زۆر جار دەبنە دەستی فریاد رەسی بێ بەرامبەر بۆ ئەو ناوچانەی رووبەڕووی کارەساتی شەڕ یان کارەساتی سروشتی دەبنەوە، بۆیە فراوانبوونی کاری خۆبەخشی زۆر لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە و تەنانەت لە بواری کاری رۆژنامەگەریشدا زۆر جار تاك یان گرووپ دەبنە رۆژنامەنووسی خۆبەخش بۆ ئەوەی رای گشتی لە رووداوێك یان پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان ئاگادار بکەنەوە، دروستبوونی دیاردەی کاری خۆبەخشی یان دروستکردنی یەکێتی یان ڕێکخراوی خۆبەخشی ئەوجا چ لەسەر ئاستی نیشتمانی یان سەرووی نەتەوەیی بێت، هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و هەروەها هۆکارێکە بۆ بەرز راگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا.

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە ئەو تاکانەی دەبنە چالاکوان لە ڕێکخراوە خۆبەخشەکاندا، بەشی زۆری ئەو کوڕ و کچە لاوانەن کە ئامادەن کاری خۆبەخشی پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن، لەوانە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و زەمینە رەخساندن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران، پارێزگاریکردن لەژینگە، دروستکردنی هەرەوەزی بۆ سەوزکردنی وڵات و چاندنی نەمام، لەکاتی روودانی کارەساتی سروشتی وەك لافاو و زەمینە لەرزە، یان لەکاتی کەوتنەوەی ئاگر، راستەوخۆ بە فریای ئەو کەسانە دەکەون کە زەرەرمەندبوون. یان بوونی ئامادەباشی بۆ فریاکەوتنی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە خوێن یان گورچیلە هەیە بۆ ئەوەی لەمردن رزگاریان بکەن، بێ بەرامبەر.

بێگومان بۆ ئێمە وەك کوردستانی لەبەر ئەوەی ئامادەباشی بۆ خەبات و قوربانیدان خۆی لە خۆیدا کارێکی خۆبەخشانە بووە، ئەوا لەسەردەمی شۆڕش و مقاوەمەتدا جیا لەوەی خەباتی پێشمەرگانە خۆی لەخۆیدا کارێکی خۆبەخشانە و بەرزترین بەهای مرۆڤ کە رۆحیەتی پێشکەشی کوردستانی کردووە. بەڵام دیسان گیانی خۆبەخشی بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگە و دابینکردنی ژیانیکی ئاسوودە لەناو توێژێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەبووە، هەر بۆ نموونە لە قۆناخی خەبات و مقاوەمەتی شۆڕشەکانی کوردستاندا سەنگەرەکانی پێشمەرگایەتی تەنیا سەنگەری شەڕ نەبوون، بەڵکو سەنگەری پەروەردە و خوێندن و تەندروستی دوو کەرتی دیکەی گرنگ بوون کە مامۆستایانی کوردستان دەبوونە مامۆستای شۆڕش و خۆبەخشانە لە گوندەکانی کوردستان رۆڵەکانی کوردستانیان فێری خوێندن و نووسین دەکرد، هەروەها پزیشکەکان و کارمەندانی کەرتی تەندروستی خۆبەخشانە چاودێری تەندروستی خەڵکیان دەکرد و چارەسەری نەخۆشیەکانیان دەکردن، یان لەسەنگەرەکانی قوربانیدان هاوشانی پێشمەرگە بوون و برینداره‌کانیان تیمار دەکرد.

### نەبوونی ئامادەباشی بۆ کاری خۆبەخشی لاوازی ئینتیمای نیشتمانییە

لە هەر وڵاتێکدا گروپ و ڕێکخراوی خۆبەخش بوونی هەبێت، هەموو کات ئەم گرووپانە دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاتی لێقەوماندا هەست بە بوونی ئینتیمای نیشتمانی و مرۆڤ دۆستی زیاتر بکەن، هەر بۆ نموونە کاتێك ئاگرێك دەکەوێتەوە، ئەگەر پێش ئەوەی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بگەنە شوێنی رووداوەکە، کۆمەڵێك گەنجی خوێن گەرم لەسەر رووداوەکە ئامادەبن و بە فریای ئەو خەڵکە بکەون و لە ئاگرەکە رزگاریان بکەن، یان نەخۆشێك کە هیوای بە ژیان نەماوەو دەبینێت کۆمەڵێك ئامادەن هاوکاری بکەن و ژیانی رزگار بکەن، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئینتیمای نیشتمانی نەك هەر دەگاتە ئاستێکی بەرز، بەڵکو ئینتیمای نیشتمانی دەبێتە رایەڵەی خۆشەویستی نێوان تاك و گرووپەکان، بۆیە لەم لایەنەوە بوونی ڕێکخراوی خۆبەخش یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە

خۆبەخشـــانە، دەبێتە دەسپێکێکی باش بۆ نوێکردنەوەی بەردەوامـــی ئینتیمای نیشـــتمانی نێـــوان تاکەکان و گرووپـــەکان، ئەوکاتە لەبری ئەوەی ئەو پرســـیارە لای لاوەکان دروســـت بێت بەوەی بپرسن: (ئێمە کێن؟) واتە بەدوای ناسنامەی نیشـــتمانی خۆیان بکەون، ئەوکات دەپرسن: کێ پێویستی بە ئێمەیە؟ ئەمەش مانای ئەوەیە رایەڵەیەکی نیشتمانی بوونی هەیە کە بەردەوام پێویستە پێکەوە گرێیان بداتەوە.

لەم لایەنـــەوە ئەگـــەر هەرێمی کوردســـتان بەنموونە وەربگرین، وێڕای ئەوەی بەدەیان و ســـەدان رێکخراوی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی بوونـــی هەیە، بـــەڵام بوونی رێکخراوی خۆبەخش وەك رێکخراو بوونی کەمە و زیاتر ئامادەباشی خۆبەخشی لەسەر ئاستی تاك زیاتر بوونی هەیە و هەوڵنەدراوە تاکە خۆبەخشەکان لە رێکخراوێکی تایبـــەت تواناکانیان یەك بخەن و باشـــتر کاریگەریان دەربکەوێت، سەبارەت بەم لایەنە شارەزایانی کۆمەڵناسی هۆکاری دوورەپەرێزی لاوان لەکاری خۆبەخشی بۆ ئەو فەرهەنگـــە دەگەڕێننەوە کە لەناو خێـــزان و قوتابخانە لەمنداڵیەوە گەنجی لەســـەر رادەهێنرێـــت، بۆ نموونە کوڕ لەچاوەڕێی خوشـــکەکەیدایە ماڵەکە پاك بکاتەوەو لەقوتابخانەش کاری خۆبەخشی بۆ راگرتنی پاکوخاوێنی قوتابخانە بەبێ فەرمان مامۆستا یا بەڕێوەبەر ناکرێت، تەنانەت زۆر لەو گرووپ و کەسانەی خۆیان بەبێلایەن دادەنێـــن و لەپرســـە نەتەوەیی و نیشـــتمانیەکاندا کار دەکەن زیاتر دوورن لەکاری خۆبەخشـــی و بەڵکو تەنیا لەرێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە ئەرکی وروژاندن و فشـــار جێبەجێ دەکـــەن و خانەی فیکریی بیروبۆچوونەکانیان دیارو روون نییە.

ئومێد خۆشناو ســـکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان ســـەبارەت بەمێژووی کاری خۆبەخشی لە کوردســـتان، لـــە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئـــەم راپۆرتە بەمجـــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو وتی: (لە کوردستاندا لاوان پێشـــەنگ بوون لەکاری خۆبەخشی، ئەمەش رەگ و ریشـــەیەکی کۆنی هەیە. بۆ نموونە لە پەنجاکانی ســـەدەی رابردوو جگە لە سێ ستوونەکەی رێکخـــراوە مەدەنیەکانی لاوان و قوتابیـــان و ئافرەتان چەندین گرووپ کەســـایەتی خۆبەخش لەناو ریزەکانی شـــۆڕش دەرکەوتن وەکو مامۆستایانی شۆڕش کە بێ بەرامبەر وانەیان دەوتەوەو رێگایان نەدا خوێندن لەناوچە ئازادکراوەکان بووەستێت، ئەمە جگە لەو لاوە دڵسۆزانەی ئەرکی خوێنبەخشین و پاککردنەوەی شارو شارۆچگەکان و رێگەگرتن لە راوکردنی باڵندەو ئاژەڵی کێوی دروست بوو. واتا کاری خۆبەخشـــی بووەتە موئەسەســـاتێك بۆ



ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

## لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لاوان پێشەنگ بوون لەکاری خۆبەخشیدا



ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان:

## لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بۆ هەر کارێک بڕۆیت پرسیارت لێدەکرێت کاری خۆبەخشیت کردووە



فازڵ عومەر سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان:

## بەهیچ جۆرێک هاوکاریی دارایی لەماهیەتی کاری خۆبەخشی لاوان کەم ناکاتەوە

**لاوی وا بەهرەمەندمان هەیە کە جێگای دەستخۆشییە هاتوونەتە سەرشەقام و خۆبەخشانە چالاکی شانۆیی و هونەرییان پێشکەشکردووە**

**گرووپە گەنجەکانی خۆبەخش بەشێوەی ڕێکخراو و کۆمەڵەو گرووپی جۆراوجۆر هاتوونەتە پێشەوەو کاریشیان کردووە هەروەکو چۆن لەرۆژی جیهانی زەوی و ئاو و ژینگە پارێزی و خوێنبەخشین و تالاسیمیا چالاکی و کارەکانیان دەرکەوت**



کۆکردنەوەی بەهرەو تواناکان و ئاراستەکردنی لاوان بەرەو کاری خۆبەخشی، لەم رووەوە لاوان لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنــی زۆر کار دەکەن کە زۆربەی جار تەینا لەبەرامبــەر خەرجیەکانیان هاوکاری و یارمەتی مــاددی وەردەگرن، واتــا کارێکی خۆبەخشــە مادام مەبەست لەکارەکە قازانج نییە)).

ســکرتێری یەکێتی لاوانــی دیموکراتی کوردســتان ســەبارەت بەچۆنیەتی ڕێکخســتنی کاری خۆبەخشی لاوان لەهەرێمی کوردســتان وتی: ((بە هاتنە پێشەوەی لاوان لەناو ڕێکخراوە خۆبەخشــەکان بۆشاییەکی گەورە پڕ دەبێتەوە کە لەم قۆناغەی نەتەوەکەمان پێویســتمانە، گرنــگ نییە کارەکــە بەتاك دەکرێت یا بەهاوبەشــی یاخود بەشێوەی گرووپ، گرنگ ئەوەیە گەنجەکانمان لە پرســە نەتەوەیــی و نیشــتمانیەکاندا راوبۆچوونی نیشتمانپەروەریی خۆیان هەبێت بەتایبەتی لەمەسەلەی دەوڵەت و لایەنی نەتەوەیــی و پارێزگاریکردن لەئاڵاو ڕێزگرتــن لە شــەهید و قوربانیدانــی گەلەکەمان و گەڕانەوەی ناوچە کوردســتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. لەو پرسانەدا راستە زۆرجار ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان پرسێك دەوروژێنن، بەڵام بەسەدان گەنجی دیکە خۆبەخشــانە دێنە مەیدان و کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن)).

هەر سەبارەت بەم پرســە ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبــەت بۆ گوڵان پێیوایە ئاییــن و کلتوور و پەروەردە لاوی خۆبەخش دروست دەکات و دواتر پێویستە لەرێگای حکومەتەوە پاڵپشتیان بکرێت و ڕێگایان لێنەگیرێت بۆ فراوانکردنــی کاری لاوە خۆبەخشــەکان و لەم رووەوە وتــی: هەرچی ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگای مەدەنییە وابەستەن بە جۆرێك لە ئایدۆیۆلۆژیا و زۆربەی جار بێ بەرامبەر کار ناکەن و ئەرکی سەرشانیشیان وروژاندن و دروستکردنی فشارە لەسەر دەوڵەت بەپێچەوانەی گرووپ و ڕێکخراوی گەنجانی خۆبەخشــەوە کە بێ قازانج بۆ کۆمەڵێك بەهای گرنگی مرۆڤایەتی دروستبوونەو کار ئاسانی لەچارەســەرکردنی کێشەو گرفتەکان پێشکەش دەکەن. بۆیە لەهەرێمی کوردستانیش کاتی ئەوە هاتووە بەهاوشــێوەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دونیا هەنگاو بەرەو کاری گەنجانــەی خۆبەخش و خێرخوازی و بێ بەرامبــەر بنێت، ئەو کۆمەڵگایانــەی کە بۆ هەرچی کارێك بڕۆیت لە CVیەکەت پرسیاری ئەوەت لێدەکرێت پێشــتر چ کارێکی خۆبەخشــیت کردووە. بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە کار لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەم پرســە بکەیــن و هەموو لاوان هانبدرێن شــانازی بەوەوە بکەن لە ڕێکخراو و گرووپ و دەســتەجەمعیەك کاری خۆبەخشی بکەن، گرنگە بۆ خزمەتکردنی وڵات و خــاك و کۆمەڵگە، چونکە گەنجەکانمان لەو ســاتە وەختە ئاسوودە دەبن کە بێ بەرامبەر خزمەتی دەوروبەر و نیشــتمانەکەیان دەکەن، هەروەکو چۆن لەهاوکاریکردن و کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئاوارەکانی هاونیشــتمانیانی کوردستانی رۆژئاوا بینیمان)).

### هاندانی لاوان بۆ کاری خۆبەخشی

ئەگەر پێشــتر هاندەری لاوان بۆ خۆبەخشی چەوسانەوە و زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردســتان بووبێت، ئەوا گرنگە بۆ ئەمڕۆ پەرۆشــی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانــی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵــەت هاندەرێکی باشتر بێت، بەڵام پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان کە فەرمانگەیەکی بەناوی ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەیە سەبارەت بەم لایەنە چ کاریگەریەکی هەبووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە فازڵ عومەر سەرۆکی فەرمانگــە ناحکومیەکان بەمجــۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت گرووپە



خۆبەخشەکانی لاوان بکاتە شەریك لە پرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان و بوارێکی فراوانتریان بۆ بدۆزێتەوە بۆ کارکردن و خستنەڕووی چالاکیەکانیان، ئەمەش لەرێگای پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی بۆ پرۆژەو کارە خۆبەخشەکانیان کە بەهیچ جۆرێك هاوکاریی دارایی لەماهیەتی کاری خۆبەخشی کەم ناکاتەوە مادام مرۆڤەکان کات و وزەی خۆیان بەمەبەستی گەیاندنی خزمەت و هۆشیارکردنی کۆمەڵگا تەرخان دەکەن و لەدەرەوەی سوودو قازانج ئەم کارە خۆبەخشییە دەکەن، ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی دونیاو نێودەوڵەتیش بەهەمانشێوەیە، هەربۆیە لەهەرێمی کوردستان سێ کەس دەتوانێت بێت و رێکخراوێکی مەدەنی یاخود خۆبەخش تۆمار بکات و لەچواردەوری پرسێك کۆببنەوە، ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠٠٠ رێکخراوی NGO لە کوردستان کار دەکەن و هیچیان تەمویل و سلفەی مانگانەیان نییە تەنیا فەرمانگە دەرگای واڵاکردووە بۆ هاوکاری پرۆژەکانیان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و ژینگەیی و ئابووری کە هەیە، قوتابی هەیە لەزانکۆی دهۆك دوو ساڵە لەناو زانکۆ کاردەکەن ئەمڕۆ هاتوون دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئیداریی کارەکەیان رێکبخەن و لە رێگای پاڵپشتی هاوکارییەکی قازانج نەویستەوە کارە خۆبەخشەکانیان فراوانتر بکەن، تەنانەت سێ چوار رێکخراوی لاوانمان هەیە لەسەر پرسی نەتەوە کار دەکەن و زۆر چالاکن، من پێموایە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە گەنجەکانی خۆبەخش بەشێوەی رێکخراو و کۆمەڵەو گرووپی جۆراوجۆر هاتوونەتە پێشەوەو کاریشیان کردووە هەروەکو چۆن لەرۆژی جیهانی زەوی و ئاو و ژینگەپارێزی و خوێنبەخشین و تالاسیما چالاکی و کارەکانیان دەرکەوت، لاوی وا بەهرەمەندمان هەیە کە جێگای دەستخۆشییە هاتوونەتە سەرشەقام و خۆبەخشانە چالاکی شانۆیی و هونەرییان پێشکەشکردووە، زۆر لە لاوەکانی کۆلێژەکانی پزیشکی و ئاداب و کۆلێژەکانی تر هاتوونەتە لامان و پرۆژەی کاروچالاکیان پێشکەشکردووە کە مەبەست لە چالاکییە خۆبەخشیەکانە، چونکە ئەوان داوای مووچەو پاداشتیان نەکردووە لە پرۆژەکانیان)).

**دروستبوونی رێکخراوەکانی خۆبەخشی گەنجان زۆر پێویست و گرنگە بۆ خزمەتکردنی وڵات و خاک و کۆمەڵگە، چونکە گەنجەکانمان لەو ساتە وەختە ئاسوودە دەبن کە بێ بەرامبەر خزمەتی دەوروبەر و نیشتمانەکەیان دەکەن**

# کاری خۆبەخشی لێبوردەیی دروست دەکات



یوسف عوسمان حەمەد
پسپۆڕی دەروونناسی کۆمەڵایەتی

ماك ڤۆبیس توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەتوێژینەوەیەکیدا باسی ئەو حاڵەتە سایکلۆلۆژییەی کرد کە لای تاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی شەڕیان تێدا هەیە، کە مرۆڤی خۆبەخشی زۆر کەمە، حاڵەتەکە بەجۆرێکە نەك تەنیا مرۆڤی خۆبەخش لەناو ڕێکخراوە مرۆییەکان نییە، بەڵکو لەناو خانەوادەکانیشدا مرۆڤی خۆبەخش کەمە، تەنانەت لە ٨٥٪ی منداڵەکانی ناو خێزانەکانیش ئەگەر باوکیان فەرمانیان پێ نەکات هەستی بەرپرسیارێتیان لا دروست نابێت تاوەکو پاك و خاوێنی ماڵ و قوتابخانەو شوێنە گشتیەکان بپارێزن، لەمەشدا پەروەردەی خێزان و هەژموونی باوك و دایك وایکردووە بە بەردەوام منداڵەکان لەچاوەڕوانی فەرماندا بن و وەکو کارێکی سەربازی هەژماردەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەرکەوتووە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر بە فەرمان یا فەرامۆشکردن سەرقاڵن نەك کۆمەڵگەیەك هەستی خۆبەخشی تێدا بێت.

هەر ئەمەشە وایکردووە بەهاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەم کۆمەڵگەیەدا لەقوتابخانەکاندا گرووپی خۆبەخشی تایبەت بە ژینگەپارێزی یاخود هاوڕێیانی ژینگە و یا گرووپی یاسا یا گرووپی هاوڕێیانی هاتوچۆ و چەندین گرووپ و دەستەجەمعی تری خۆبەخش دروست نەبێت، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەر لەمنداڵییەوە لەناو قوتابخانەکان فێری تاکەکانیان دەکەن خۆبەخش و بێ بەرامبەر و قازانج لەقوتابخانەو گەڕەك و شوێنە گشتیەکان و لەکۆمەڵگەکە کار بکەن، لەگەڕەکێکدا داوا دەکرێت خۆبەخشانە پەرتووك پێشکەش بە کتێبخانەی گەڕەکەکەیان بکەن یا بڕیار دەدەن قوتابخانەکەیان پاك بکەنەوە، ئەم کاری خۆبەخشییە دەرئەنجامی پەروەردەی دایك و باوکە لەناو خێزاندا و دواتر ڕۆڵی قوتابخانە دێت و هەنگاوەکەیان لێوەردەگرێت و گەشەی پێ دەدات. توێژینەوەکەی ماك ڤۆبیس باس لەوە دەکات چۆن بتوانرێت ئەم هەستە جوانە لەناخی تاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکرێت و ببێتە بەشێك لە کەسایەتی خۆی، تاوەکو تاك هەست بەوە بکات کە شارو وڵاتەکەی پاك ڕابگرێت و پاشماوەی خواردن فڕێنەداتە سەر زەوی و ئەم هەڵسوکەوتە بکرێتە کاری خۆبەخش، گەر بێتوو لەشارێکدا یەك ملیۆن کەس نیشتەجێ بێت و هەریەکەو شتێکی بچووك فڕێ بدات ئەوکات بەیەك ڕۆژ ئەو شارە پیس و خراپ دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە کاری خۆبەخشی لەتاکەوە دەست پێدەکات، تەنانەت ئینتیما بۆخۆی دڵسۆزییە بۆ تاکەکەسی، واتا هەر تاکێك خۆی پاك ڕاگرت و دڵسۆز و خۆشەویست بوو بۆ خاك، ئەو کەسە ئامادەیی باشی تێدایە بۆ

کاروچالاکی خۆبەخشی و ئینتیما بۆ نیشتمانەکەی. بەمشێوەیە جوانی شار لەجوانی مرۆڤەکان و پەروەردەیاندایە، هەر کاتێکیش نیشتمان و نەتەوە رووبەڕووی کارەسات و رووداو بووەوە، ئەوکات بێ ئەوەی کەس فەرمان بکات ئەو کەسە خۆبەخشانە کار دەکەن بۆ نەمان یا کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی رووداو و کارەساتەکە، تەنانەت زۆر جار کاری خۆبەخشی سنوورەکانیش تێدەپەڕێنێت هەروەکو چۆن لەکارە خۆبەخشەکانی پزیشکە بێ سنوورەکان دەیبینین، واتا لەم چەرخەدا کاری خۆبەخشی سنوورەکانیش تێپەڕ دەکات و رەچاوی ئایین و رەگەز و نەتەوەو هیچ بیروباوەڕێك ناکات، بگرە تەنانەت پاراستنی ئاژەڵەکانیش دەگرێتەوە. ژاپۆن بەیەکەم وڵات دادەنرێت لەسەر ئاستی دونیا کە هاونیشتمانیانی ئینتیمایان بۆ خاك و نەتەوەو وڵاتەکەیان بەرزە، دوو سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەم وڵاتە کە یەکێکیان هەڵنەبژێردراوەتەوەو یەکێکیان لە دەرئەنجامی کارێکی هەڵە دەستی لەکارکێشاوەتەوە ماوەی ٨ ساڵە لەرێکخراوی خۆبەخشی ژینگەو چارەسەرکردنی منداڵی نەخۆش کار دەکەن، خۆبەخشانەو بێ قازانج وڵاتەکەیان سەوز جوان دەکەن و منداڵە نەخۆشەکان چارەسەر دەکەن، ئەوان وتیان ئێمە مووچەی خانەنشینی وەردەگرین چۆن دەبێت مووچەی دیکە وەربگرین؟ ئەم دوو نموونەیە بوو وایکرد بەدەیان هەزار کەسی تر لەکۆمەڵگەی ژاپۆن بێ بەرامبەر و بەخۆبەخشی کار بکەن، واتا پێویستە لەپلە بەرزەکانی خانەنشینەکانی وەزیر و پەرلەمانتار و پلە تایبەتەکانی تر و بەرپرسە باڵاکانی حزبی ببنە نموونەی کاری خۆبەخشی، زۆر حەزم دەکرد وەزیرێکی پەروەردە لەقوتابخانەیەك یا پەیمانگەو زانکۆیەك وەکو خۆبەخش وانەی پێشکەشی نەوەکانی دوارۆژ بکردایە، چونکە مووچەی تەواویان هەیە و ژیانیان مسۆگەرە.

جێی داخە لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی چەندین ئایین و ئاینزامان هەیە و باس لەکاری خۆبەخشی و هاوکاری دەکات و نەتەوەو نیشتمانێك پێکەوەمان دەبەستێتەوە، کەچی نەمانبیستووە پزیشکی خۆبەخش هەبێت یا لەهەفتەیەکدا چەند رۆژێك کاری خۆبەخشی بکات و چارەسەری هاووڵاتیان بێ بەرامبەر بکات، تەنانەت لەناو چین و توێژەکانی دیکەش بەهەمانشێوە کاری خۆبەخشی لاواز و کەمە، لەپەرتووکی خوێندن و پەروەردەی خێزاندا ئەمە فەرهەنگ نییە کاتێك باسی خۆبەخش دەکرێت تەنیا خوێن بەخشینمان بیر دێتەوە، لەکاتێکدا لەدوای راپەڕینەوە کۆمەڵێك سەندیکاو رێکخراوی مەدەنی دامەزراوە کەچی کەسەکانی ناو ئەم رێکخراوانە خۆبەخشانە کاریان نەکردووەو رۆڵیان لەکارە خۆبەخشەکانیشدا کەم بووە، تەنانەت زۆربەی جار کێرڤی ژمارەی رێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتان و منداڵان لەبەرزی بووبێت کەچی کاری توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان و منداڵانیش خراپتر بووە، تەنانەت ململانێی حزبی لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وایکردووە ئینتیماو هەستکردن بەکاری خۆبەخشی لەناو خودی رێکخراوەکاندا نەمێنێت.

ئەگەر دەتەوێت لەتوندوتیژی کۆمەڵگا دوور بیت، ئەگەر دەتەوێت لەپەروەردەیەکی سەقەت و ناتەندروست دووربیت، ئەگەر دەتەوێت لەچەوساندنەوەی رەگەزێك بەرامبەر رەگەزێکی تر دوور بیت.

پێویستە بایەخ بەدروستکردنی رێکخراوی خۆبەخش بدەیت، کاتێك کەسێك فێری کاری خۆبەخشی دەبێت فێری ئینتیما دەبێت و فێری ئاسوودەیی دەبێت و ئازاری کەسی بەرامبەر نادات. کەواتە لەکوێ وە دەست پێ بکەین؟

سەرەتای رێگا لەناو خێزانەکانەوە کاری خۆبەخشی رێچکە دەکرێت، دواتر لەقوتابخانە گەشە بە فیکرەکەی دەدرێت و دواتر لەناو کۆمەڵگاو رێکخراوە خۆبەخشەکان خۆی دەدۆزێتەوە ئەگەر گەیشتە دەسەڵات یا بەرپرسیارێتیشی درایە، ئەوکات زۆر دڵسۆز و دەستپاك و بەهێز دەبێت و ئینتیمای بۆ خاك و نەتەوەکەی بەهێز دەبێت. بەداخەوە لەرووی سایکۆلۆییەوە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە جۆرێك لەخۆبەزل زانیان هەیە دان بە بەرامبەر بەخۆیان نانێن و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە، تەنانەت لەناو یەك خێزاندا برا چاوەڕێ دەکات خوشکەکەیماڵەکە پاك بکاتەوە خوشکەکەشی چاوەڕێی فرمانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، لەقوتابخانە قوتابی گوێ بە پاکوخاوێنی پۆل و پاراستنی کورسی و کەلوپەلی ناو قوتابخانەکەی نییە بەگەورەبوونی منداڵەکە و تێپەڕبوونی کات ئەو هەستە سەقەتە سایکۆلۆژییە گەورە دەبێت و هەستی نەتەوایەتی و ئینتیما لاواز دەکات، من ناڵێم کۆمەڵگەی کوردستانی هەستی نەتەوایەتی و دڵسۆزی و قوربانیدانی نییە، ئەمە کۆمەڵگەیەکی نیشتمانپەروەری لێکەوتۆتەوە نەك کۆمەڵگەیەکی خۆبەخش. من توێژینەوەیەکم لەبەردەستدایە لەسەر ئەو فەرمانبەرانەی بەتواناو دوورن لەگەندەڵی و کەمتەرخەمی و کارەکانیان بەباشی بەڕێوەدەبەن، کەچی دەرئەنجام تووشی خەمۆکی و بێ ئومێدی بوون، چونکە دەڵێن کەس دەستخۆشی لێ نەکردووین. بەپێچەوانەوە لەبەرامبەردا کەسانی کەمتەرخەم و نادڵسۆز هەیە لەپێشەوەی ئەوانن لەدەستخۆشی و پاداشت، هەربۆیە پێویستە پێوەرێك هەبێت کە من و تۆ لەسەر کاری دڵسۆزانە لەیەکتر جیابکاتەوەو بکەوینە کێبرکێ لە کاری خۆبەخشیش، کەسمان خراپ نین بەڵام هەر وەکو چۆن ئەو لەوی تر باشترە یا زیرەکترە هەر واش ئەو لەوی تر خۆبەخشترە، دەرئەنجام دەبێتە دروستکردنی گیانی کێبرکێ لەخزمەتکردن بەخەڵك و نەتەوەو نیشتمان.


**زۆر حەزم دەکرد وەزیرێکی پەروەردە لەقوتابخانەیەک یا پەیمانگەو زانکۆیەک وەکو خۆبەخش وانەی پێشکەشی نەوەکانی دوارۆژ بکردایە، چونکە مووچەی تەواویان هەیە و ژیانیان مسۆگەرە**


**ململانێی حزبی لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وایکردووە ئینتیماو هەستکردن بەکاری خۆبەخشی لەناو خودی رێکخراوەکاندا نەمێنێت**


**کاتێک کەسێک فێری کاری خۆبەخشی دەبێت فێری ئینتیما دەبێت و فێری ئاسوودەیی دەبێت و ئازاری کەسی بەرامبەر نادات**

**بەداخەوە لەرووی سایکۆلۆییەوە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە جۆرێک لەخۆبەزل زانیان هەیە دان بە بەرامبەر بەخۆیان نانێن و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە**




شەهید حەسەن حەمەڕەشید



شەهید نەریمانی فوواد مەستی


شەهید ئازاد سولەیمان میران


شەهید جواد هەمەوەندی

### لە چلەمین ساڵیادی

# لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی پێنج داربەڕووی ڕق ئەستوور!



د. حوسێن موحەممەد عەزیز *

**سەرەتا:**

دوای ئـــەوەی ڕۆژی {١١. ٠٣. ١٩٧٤}، جەنـــگ لـــە {کوردستان} دەستپێکردەوە، دوژمنی داگیرکەری {بەعس}، لەو باوەڕەدا نەبوو، زۆربـــەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی گەلی کوردی باشـــووری وڵات، لە دەوری سەرکردایەتی شۆڕشی {١١} ســـێپتێمبەر کۆدەبنەوە، یەکێتیی و تەبایی نەتەوەیی، باڵی پیرۆزی بەســـەر ئاسمانی نیشـــتمانەکەماندا دەکێشێ، هەموو دەســـتە و توێژ و چینـــە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردیش، لەژێر ئاڵای شۆڕشـــدا، بە یەك دەنگ و بە یەك ڕەنگ، دژی پیلانە پۆخڵەکانی دەوڵەتی شۆڤێنی {بەعس} دەوەستنەوە. بۆیە بە جارێ تووشی هیستیریا بوو، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانـــە، پەلاماری گەل و نیشـــتمانەکەمانی دایەوە، شـــاڵاوی دەربەدەرکردنی کورد، بەعەرەبکردنی {کوردستان}، هێرشی سەرتاســـەریی و بەرفراوان، هەموو شوێنێکی نێوچە ئازادکراوەکانی وڵاتەکەمانی گرتەوە، تەنانەت ئەو شوێنانەی دەسەڵات دەستیشی نەدەگەیشتێ، بە فڕۆکە مەرگچێنەکانی بۆردوومانیدەکرد، خەڵکی بێ تاوان و بێ دەسەڵاتی کوردی، بە هەموو جۆرە چەکێ، وەك یەك دەکوشت.

**قەڵادزێ و هەڵەبجە:**

ئـــەوە بوو، {٤٠} ســـاڵ لەمەوبـــەر و بـــۆ یەکەمین جار، فڕۆکەکانـــی {بەعـــس}، ڕۆژی {٢٤. ٠٤. ١٩٧٤}، شـــارۆچکەی {قـــەڵادزێ} و ڕۆژی {٢٦. ٠٤}ی هەمان ساڵیش، شارۆچکەی {هەڵەبجە}یان بۆردوومانکرد، هەردوو شـــارۆچکەکەیان خەڵتانی خوێن کرد، کوردێکی زۆر بریندار و شەهید بوون، بڕی زیان و ژمارەی قوربانییەکانی ئەو دوو بۆردوومانەش، لە ئەندازە بەدەربوون.

ئا لـــەو کاتانـــەدا، هەمـــووی هەفتەیەك بەســـەر هەردوو بۆردوومانەکەدا تێپەڕبووبوو، پۆلێ نیشـــتمانپەروەری بوێری لەخۆبوردووی دڵسۆزی بیر و ڕێبازی کوردایەتی ڕاستەقینە، وەخۆکەوتن و بڕیارباندا، کارێکی شۆڕشگێڕانەی بێ وێنە، لـــە نێوجەرگەی دەســـەڵاتی دوژمنی داگیرکـــەردا بکەن، {بەغدا}ی پایتەختی تاوان و خوێن بهەژێنن، دەسەڵاتدارانی {بەعس}ی فاشـــیش، لە خەونی لەخۆباییبوون و لووتبەرزیی ڕاچڵەکێنن، تۆڵەی پەلاماردانەکەی هەردوو شارۆچکەکە و خوێنی شەهیدانی لێ بکەنەوە.

**ئەم کارە بۆ کرا؟!**

ڕەنگە، گەر هۆی ڕاستەقینەی ئەم نەبەردە گەورەیە نەزانین، یەکســـەر بیر لەوە بکەینەوە و بڵێین: هەست و سۆزی ڕووتی کوردایەتـــی، پاڵی بەو پۆلە خوێنـــدکارەوە ناوە، تا کارێکی سەربەخۆ بکەن. بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، چونکە ئەو چەند خوێندکارە نیشـــتمانپەروەرە، لە ڕێکخستنەکانی {ی. ق. ك. – ع.} و {پارتیی}دا کاریاندەکرد.

ڕاســـتە، دەستپێشـــخەرییەکە لە خۆیانەوە بوو، هەســـتێکی خاوێنی گڕگرتووی نەتەوەییان هەبوو، دەیانویســـت، تۆڵەی بۆردوومانەکەی شارۆچکەی {قەڵادزێ} و خوێنی بەناڕەوا ڕژاوی شـــەهیدەکانی بســـەننەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، کارێکی ڕێکخراوەیی و ڕێکوپێك بوو، لێپرســـراوانی شۆڕش ئاگاداربـــوون و پتر هانیاندابوون، لـــە دوژمنی داگیرکەری بگەیەنن، دەستی سزا و تۆڵەسەندنەوەی شۆڕش درێژە و گەر بیەوێ، لە نێو جەرگەی دەسەڵاتەکەشـــیاندا پەلاماریاندەدا. کەچیی دەستی زۆڵەکورد و ناپاکە خۆفرۆشەکان، لە دەستی شـــۆڕش درێژتربوو، هـــەر زوو ئەو پلانەیـــان، بۆ دوژمنی داگیرکەر ئاشکراکرد و پوچەڵیانکردەوە!

**ڕێکخستنەکانی قوتابیان و پارتیی:**

گومانـــی تێدا نییە، دوای ئەوەی جەنگ دەســـتپێکردەوە، هێندێ هێڵی لاوازی ڕێکخســـتنی قوتابیان و {پارتیی}، لە شارەکانی بندەستی دەوڵەتی {بەعس}دا مابوون و بە شێوەیەکی نهێنیی، کاریاندەکرد. یەکێ لەو هێڵانەش، ڕێکخســـتنەکانی {بەغدا} بوو. ئەمانیش هەم لەبەر دڕندەیی داگیرکەر، هەم بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکە و گیانی خۆشیان، بە شێوەی هێڵی جیاجیا و زۆر بە نهێنیی، کاریاندەکرد و ڕێکخســـتنەکانیان ڕێکخستبوو، چەن شـــانەیەکی نهێنییان دروستکردبوو، ئەو شانانەش پێوەندییان، بە لێپرساوێکی تایبەتەوە هەبوو.

ئەو پۆلە خوێندکارەی لەو پرۆسە گرنگە شۆڕشگێڕانەیەدا بەشـــداربوون، {نەریمان فوواد مەستی، حەسەن حەمەڕەشید فەتاح، ئازاد ســـولەیمان میران، ڕەشاد میران، دڵشاد میران، جـــەواد هەمەوەندیـــی و لەیلا قاســـم} بوون. هەمووشـــیان خوێندکاری کۆلێژەکانی زانکۆی {بەغدا} بوون. {نەریمان} و {حەسەن}، هەر لە منداڵییەوە هاوڕێ و دراوسێ بوون. هەرسێ {میران}ەکـــە، ئامۆزای یەکدی بـــوون. {جەواد} و {لەیلا}ش، یەکدیان باش دەناســـی و خۆشەویســـتی یەکدیش بوون. لەبەرئەوە، بڕوایەکی تەواویان بە یەکدی هەبوو. کارەکانیشیان بە نهێنیی بوو، بەســـەر سێ دەستەدا دابەشبووبوون، خوشکە {لەیـــلا} ئەڵقەی پێوەندیی و دینەمۆی کارەکە بوو، پێوەندی بە شانەکانەوە دەکرد و ناونیشانی هەمووشیانی دەزانی. بەڵام ئەوانی دیکە، ئاگایان لە یەکدی نەبوو.

**بەرەو کوردستان:**

دوای بۆردوومانەکە، هەردوو شەهید {نەریمان} و {حەسەن}، لە {بەغدا}وە بۆ {ســـولەیمانیی} گەڕابوونەوە. بەرەو نێوچە ڕزگارکـــراوەکان و دەســـەڵاتی شـــۆڕش ڕۆشـــتبوون. زۆر پێدەچێ، ســـەردانی نێوچەی {دەربەندیخان} یا {تەوێڵە}یان کردبێ و چاویان بە هێندێ لێپرســـراوی دەزگەکانی شۆڕش کەوتبێ. هەر لەو دانیشتنانەشـــدا، پێشـــنیازیانکردبوو، لە {بەغدا} کارێکی شۆڕشـــگێڕانە بکەن، دەســـت لە دوژمنی داگیرکەر بووەشـــێنن و تۆڵەی بۆردوومانەکەی {قەڵادزێ}ی لـــێ بکەنـــەوە. بۆیـــە داوای چـــەك و تەقەمەنییـــان کردبوو. لێپرســـراوانیش پێشـــنیازەکانیان پەســـەندکردبوون، داواکارییەکانیشـــیان بۆ جێبەجێکردبوون، لە بۆمب و چەك، چی پێویستبووبوو، بۆیان ناردبوون.

**پلان و دەستبەکاربوون:**

چەك و تەقەمەنییەکان گەیشـــتبوون. ئەو پۆلە تێکۆشـــەرە، لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان، چەند دانیشتن و دەمەتەقێیەکی زۆریان کردبوو. لە ئەنجامدا، لەســـەر ئەوە ڕێککەوتبـــوون، بۆمبەکان لە شـــوێنە گشـــتیی و جومگە

ئەوان وەک لووتکەی چیا سەرکەشەکانی {کوردستان}، سەریان بەرز و ورەیان بەهێزبوو، وەک پیرە داربەڕوو، ڕەگی قووڵی باوەڕی کوردایەتییان، لە کێڵگەی بەپیتی خۆشەویستیی خاکی نیشتماندا داکوتابوو

سەرەکییەکانی دەسەڵاتدا بتەقێننەوە، بە مەرجێ، خەڵکی هەژار و بێ تاوان، بەرنەکەون و تووشی زیان نەبن. ئەوەبوو، هەر دوای چەند ڕۆژێ، هەردوو ئامۆزا {ئازاد} و {ڕەشاد}، دوو بۆمبیان لە سینەمای {ئەتڵەس} و شوێنێکی دیکەی نزیك فرگەی نێودەوڵەتی {بەغدا} دانا و تەقینەوە. بۆمبەکانیش هەر دەنگداربوون، پتر بۆ تۆقاندنی خەڵك بوون و کەسیان نەدەکوشت. ئەو کارە دەنگیدایەوە و ترسێکی زۆریشی، لە دڵی دانیشتووانی شارەکە و سەرانی {بەعس}دا چاند. لەبەرئەوە، دەزگە سیخوڕییەکانی دەوڵەت، هەر زوو فریای خۆیان کەوتن. سەرەتا سەری داوەکەیان دۆزییەوە، خوشکە {لەیلا} و {جواد}یان گرت. پاشان لە بەرەبەیانی ڕۆژی {٢٩. ٠٤. ١٩٧٤}دا، سیخوڕە چنگ و نینۆك خوێناوییەکانی {بەعس}، لە شیرینی خەودا، هەموو هەڤاڵەکانی دیکەشیان دەستگیرکرد و لە قوژبنی گرتووخانە سامناکەکانیان توندیانکردن. ئیدی لەو ماوە کورتەدا، دەزگەی ئاسایشی شاری {بەغدا} توانی، ئەو دەنگە دڵێرانە کپکا، ئەو هەوڵە شۆڕشگێڕانەیەش، هەر لە بێشکەدا پووچەڵکاتەوە.

**چۆن ئاشکرابوون؟!**

ئاشکرایە، کارێکی وا گەورەی پڕ لە جەربەزە، لە نێوجەرگەی دەسەڵاتی دوژمندا بکرێ، پێویستی بە نهێنیی و دیسپلینێکی زۆر ڕێکوپێك و قایم هەیە. کەواتە، ئەم هەوڵە چۆن ئاشکرابوو؟ دەزگەی ئاسایش، ئەم سەرکەوتنەی چۆن بەدەستهێنا؟! چۆن توانیان، هەر دوای چەند ڕۆژێکی کەم، هێڵی ڕێکخستنەکە بدۆزنەوە و هەموو ئەندامەکانیشی بگرن؟!

لە وەڵامدا دەڵێم: هەموو لێکدانەوەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە هەر لە سەرەتاوە، دەزگەکانی تۆڕی سیخوڕی دەوڵەتی {بەعس}، چەند زۆڵەکوردێکی ناپاکیان، لە ڕیزەکانی {پارتیی} و شۆڕشدا چاندبوو. لەبەرئەوە، ئاگایان لە هەموو جووڵەیەکیان بووە، ئاگاداری هەموو هەنگاو و پلانەکانیان بوون. بەڵام خۆیان ماتکردووە و پەتیان بۆ بەرەڵاکردوون، تا دوا سەرەداوی پێوەندییەکانیان بدۆزنەوە، ئینجا بیانگرن. دواتریش، هەڵمەتێکی بانگەشەی گەورەی ڕاگەیاندن، بۆ خۆیان و دەزگە نهێنییەکانی دەوڵەت بکەن و تەپڵی سەرکەوتن لێدەن، تا لە هەموو لایەنە دژەکانی خۆیان بگەیەنن، دەسەڵات نەنووستووە و ئاگای لە هەموو جووڵەیەکی نەیارەکانی خۆی هەیە، توانای پاراستن و داکۆکیکرنیشی هەیە. بۆیە هەموو ئەو خوێندکارە خەباتگێڕانە گیران و کەسی لێ دەرنەچوو. لەو بارەیەوە، {مسعود بارزانی} نووسیویێتی: {ئاشکراکردنی ئەو شانەیە، زۆر کاریتێکردم.. کاتی خۆی هەوڵمدا، ڕاستینەی ئەو کارە بزانم، زۆر لەگەڵ ئەو کارەدا ژیام و تەنانەت بۆ ساتێکیش، لێم جیانەدەبووەوە. پاشان دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ڕاستیم بۆ دەرکەوت. مونزیر نەقشبەندی ئەندامی لقی پێنجی بەغدا و حەیدەر عەبد عەلی ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقین ئەلقەی پێوەندی شانەکەی (لەیلا) بوون. دوایی دەرکەوت، ئەو دووانە هەر لە ساڵی ١٩٧١ەوە، خۆیان بە دەسەڵات فرۆشتبوو. دەزگەی ئاسایش بەکرێگرتبوون، سەبارەت بە شۆڕش و کاری پارتی، بە درێژایی ئەو ساڵانە بە شێوەیەکی بەردەوام، کاری بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی پێ سپاردبوون. کە ساڵی ١٩٧٤یش بە دەستپێکردنەوەی جەنگ کۆتاییهات، هەر لە ڕێی ئەوانەوە، ئەو شانەیە ئاشکراکرا.}[1]

**دادگە و لەسێدارەدان:**

دوای ئەوەی ئەو پۆلە خوێندکارە نیشتمانپەروەرە گیران، ماوەیەك دەنگ و ڕەنگیان نەما و بێ سەروشوێن کران. لە گرتووخانەدا، ئەشکەنجەیەکی زۆر دران، هێندێ شوێنی جەستەشیان، بە قەمە بریندارکردبوون، تا دان بە تاوانەکانیاندا بنێن و ناوی تێکۆشەرانی دیکە بڵێن. بەڵام ئەوان وەك لووتکەی چیا سەرکەشەکانی {کوردستان}، سەریان بەرز و ورەیان بەهێزبوو، وەك پیرە داربەڕوو، ڕەگی قووڵی باوەڕی کوردایەتییان، لە کێڵگەی بەپیتی خۆشەویستیی خاکی نیشتماندا داکوتابوو، وەك بێچوەشێر بەرانبەر دوژمن وەستابوون و کەسی دیکەیان تووش نەکرد، وەك چەند تاوانبارێکیش، لە تەلەفیزیۆنی {بەغدا}وە پیشاندران، بەڵام هەڵوێست و خۆڕاگرییان پێوە دیاربوو. پاشان داگیرکەری {بەعس}، لە دادگەیەکی کارتۆنیی گاڵتەجاڕانەدا، فەرمانی لە سێدارەدانی خوشکە {لەیلا} و برایان {نەریمان، حەسەن، ئازاد و جەواد}یان دەرکرد، ئەو دوو خوێندکارەی دیکەش {ڕەشاد} و {دڵشاد}، لەبەرئەوەی هیچیان لەسەر نەوبوو، بەرەڵاکران.

هەڵبەتە، تازە هیچ شتێ کەڵکی نەمابوو، داکۆکی لە خۆیان بکەن، یا نکۆڵی لەو کارە بکەن. چونکە هەموو شتێ بە بەڵگەوە، دەست دوژمن کەوتبوو. پێش ئەوەی بگیرێن، سیخوڕە کوردەکان ناوەکانیان دابوون، تەقەمەنییەکانیش گیرابوون، وەك دەڵێن: هەردوو سەری قەپات و هەپی بەیاز بەدەستەوە! هەرچەندە چ لە نێوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات، هەوڵێکی زۆر درا، ئەو فەرمانە بگۆڕن و لەسێدارەیان نەدەن، بەڵام دوژمنی داگیرکەر، لە ئاستی ئەو داواکاریی و تکایانەدا، کەڕبوو، هیچی نەدەبیست!

بۆیە کاژێری {٧}ی سەرلەئێوارەی ڕۆژی {١٢. ٠٥. ١٩٧٤}، واتە: {٤٠} ساڵ لەمەوبەر، لە گرتووخانەی {ئەبوغرێب}، هەر پێنجیان لەسێدارەدران و جوانەمەرگبوون. ڕۆژی {١٣. ٠٥.}یش، تەرمەکانیان لە خەستەخانەی {دادوەریی پزیشکیی} وەرگیرانەوە و هەر هەمان ڕۆژیش، تەرمی هەردوو شەهید {نەریمان} و {حەسەن}، لە گردی شەهیدانی {سەیوان}ی شاری {سولەیمانیی} نێژران، خەڵکێکی زۆری نیشتمانپەروەری شارەکە، بەشدارییان لە ناشتنیاندا کرد. تەرمی شەهید {ئازاد} لە {شەقڵاوە} نێژرا. هەردوو تەرمی شەهید {لەیلا} و {جواد}یش، لە {نەجەف} بە خاك سپێردران. ئیدی بەو شێوەیە، ئەو پۆلە شەهیدە کوردپەروەرە، گیانی پاکیان بە خاکی نیشتمان سپارد، بۆ بەهەشتە بەرینەکەی یەزدانی مەزن و بۆ لای خوێندکارە شەهیدەکانی دیکەی، بۆردوومانەکەی {قەڵادزێ} هەڵفڕین!

**هەر ئەو کاتانە بوو، هەواڵی گرتنی ئەو پۆلە خوێندکارەمان بیست، زۆر نیگەرانیکردین و شەوانە، گوێمان لە وێزگەی دەنگی شۆڕش دەگرت و مەراقمان بوو، چارەنووسی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بزانین**

## ئەنجام:

کاتێ شارۆچکەی {قەڵادزێ} بۆردوومانکرا، ئێمە کۆمەڵێ خوێندکار و برادەر بووین، لە گوندی {هێرۆ} ژوورێکمان گرتبوو، چاوەڕێی بارودۆخەکەمان دەکرد، تا بزانین، بەرەو کوێ دەڕوا و بڕیارێ بدەین، ڕوو لە کوێ بکەین. هەر ئەو کاتانە بوو، هەواڵی گرتنی ئەو پۆلە خوێندکارەمان بیست، زۆر نیگەرانیکردین و شەوانە، گوێمان لە وێزگەی دەنگی شۆڕش دەگرت و مەراقمان بوو، چارەنووسی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بزانین. هەموو شەوێ سەرکردایەتی شۆڕشیش، هەڕەشەی لە {بەعس} دەکرد و دەیگوت: گەر خوێن لە پەنجەی ئەو خوێندکارانەوە بێ، ئێمە دوو هێندە تۆڵە دەکەینەوە {ساع بساعین}! کەچیی دەسەڵاتی داگیرکەر، مێش میوانی نەبوو و هەموویانی لەسێدارەدا، سەرکردایەتی شۆڕشیش هیچی نەکرد! بۆیە داگیرکەرەکە تێگەیشت، ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە، هیچیان لێ شین نابێ، لەبەرئەوە دەستەدەستە، نیشتمانپەروەرانی کوردی لەسێدارەدەدا، بێ ئەوەی لە هیچ شتێ بسڵەمێتەوە، بۆیە هەر ڕۆژی {١٧. ٠٨. ١٩٧٤}یش، {٣٧} نیشتمانپەروەری کوردی دیکەی، لە گرتووخانەی {ئەبوغرێب} هەڵواسی، لەوانە هەردوو مامۆستای شەهید {حەمەساڵح فەرەج} و {عیززەت ڕەشید}، خەڵکی شاری {سولەیمانیی} بوون! ئاخر سەرکردایەتی شۆڕش، لە تۆڵەی هەردوو بۆردوومانەکەی {قەڵادزێ} و {هەڵەبجە}دا هیچی نەکرد، ئیدی دوژمن بۆ لەو جۆرە هەڕەشانە بترسێ؟!!

گومانی تێدا نییە، کارێکی هێندە گرنگ و پڕ مەترسی، پێویستی بە کۆمەڵێکی مەشقپێکراوی خاوەن ئەزموون هەیە. هەروەها دەبێ، کەسێکی شارەزا و قاڵبووی کۆڕی خەبات، کەسێکی کامڵ و بە ئەزموون، هەنگاوبەهەنگاو، لە نزیکەوە ئاگای لە هەموو جووڵە و بڕیارەکانی گیانبازان بێ، ڕێنماییانبکا، نەك کۆمەڵە گەنجێکی تازەپێگەیشتووی بێ ئەزموون، لەنێوجەرگەی دوژمنێکی وا گەورە و دڕندەدا، ئەو جۆرە کارە بکەن، تەنیا سەرمایەشیان هەر دڵسۆزیی، بوێریی، لەخۆبووردن و تۆڵەسەندنەوە بێ!

ئاشکرایە، لەوەتەی نەتەوەی کورد هەیە، هەر لەسەر خاکی خۆی داکۆکی لە خۆی کردووە و جەنگاوە، دژی دوژمنی داگیرکەر، شۆڕشی بەرپاکردووە، خوێنێکی زۆری ڕشتووە و نیشتمانەکەشی کاولبووە. دوژمنی داگیرکەریش، لە ماڵی خۆیدا بێ ترس، پشتێنی لێ کردووەتەوە و حەواوەتەوە. بەڵام لە مێژووی کورددا، ئەوە یەکەمین جار بوو، کۆمەڵێ لاوی نیشتمانپەروەری کورد، بیر لەوە بکەنەوە، کارێکی وا گەورە بکەن، لە نێو قووڵایی قەڵا قایمەکەی دوژمن خۆیدا پەلاماریبدەن و دەستی لێ بووەشێنن، ترس و لەرزێکی بێ وێنە، لە دڵ و دەروونی خۆی و دانیشتووانەکەیدا بچێنن، چونکە هیچ شتێ وەك ئەوە نییە، ماڵ لە دوژمن تێکدەی، خەو لە چاوی دانیشتووانەکەی بتۆرێنی و ژیانی لێ تاڵکەی.

بەڵێ، لە مێژووی کورددا، ئەوە یەکەمین جاربوو، دوژمنێکی داگیرکەری دڵڕەق، گوێ لە داواکاریی هەموو لایەنە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان نەگرێ، زۆر بێباکانە، کیژە کوردێ لەسێدارەبدا. بۆیە خوشکە {لەیلا} یەکەمین ژنە ڕامیاری کورد بوو، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەسێدارە بدرێ!

## کۆتایی و پێشنیاز:

سەیر ئەوەیە، دەزگەکانی ڕاگەیاندنی {پارتیی} بە تایبەتی و هەموو دەزگەکەکانی پارتەکانی دیکەش بە گشتیی، قڕوقەپیان لێ کردووە و باسی هیچ ناکەن، چونکە لەوە دەترسن، دوژمنی داگیرکەر، بە کارێکی تیرۆریستیی تاوانباریانکا، بە ڕاستیی، ئەوە جێی نیگەرانیی و مایەی دڵ گرانییە!

جگە لەوەی ئەو پۆلە شەهیدە، سەرکردایەتی شۆڕش فەرمانی پێ نەکردبوون و ئەو کارەی پێ نەسپاردبوون، تا کارێکی خۆکوژیی گەورەی لەو جۆرە بکەن، بەڵکو بە ئارەزوو و ویستی خۆیان، ئەو ڕێیەیان هەڵبژاردبوو، زۆر ئازایانەش ویستیان، تۆڵە لە داگیرکەری {بەعس} بکەنەوە. کەچیی نەك هەر پشتگوێخراون و ناویان لە نێو ناواندا نەماوە، بەڵکو وەك هەزاران شەهیدی دیکەی کوردیش، ساڵانە یادناکرێنەوە و خەریکە ناویشیان وندەبێ! جا گەر ئەم ڕێکخراو و پارتانەی ئەوڕۆی {کوردستان}، بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ یادی شەهیدان و بنەماڵەکانیاندا بکەن، ئیدی دەبێ، نەوەی نوێ بە چ گیانێ پەروەردەکرێن و چی بڵێن؟!

بۆیە لە یادی لەسێدارەدانی ئەو پۆلە شەهیدە نیشتمانپەروەرەدا، پێشنیازدەکەم، هەر شەهیدێ لە زێدی خۆی، پارکێکی جوان، شەقامێکی گەورە، خوێندنگەیەکی نموونەیی، یا هۆڵێکی خوێندن لە یەکێ لە زانکۆکانی {کوردستان}، بە ناویانەوە بنرێ، سەروو پەیکەریشیان بۆ داتاشرێ، لە شوێنێکی دیار و گشتیی شارەکانی خۆیاندا دانرێ. چونکە هێندەی من ئاگاداربم، جگە لە خوشکە {لەیلا}، ئەوانی دیکە هیچیان بۆ نەکراوە!

لە کۆتاییشدا، لە یادی پڕشکۆی {٤٠} ساڵەی شەهیدبوونی، ئەو پێنج داربەڕووە ڕق ئەستوورەدا، بە چۆکدا دێم، سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دادەنەوێنم و دەڵێم: ئێوە نموونەی شەهیدی ڕێی سەربەستیی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی خاکی {کوردستان}ن، زۆر بوێرانە، بەپیر مەرگەوە چوون و لەپێناوی کێشە ڕەواکەی نەتەوەکەتاندا، بە سەربەرزیی ژیان و بە کەڵیی مردن، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکتان بێ، ڕەوانتان شاد و بیرەوەریتان هەر زیندووبێ!

**لە مێژووی کورددا، ئەوە یەکەمین جاربوو، دوژمنێکی داگیرکەری دڵڕەق، گوێ لە داواکاریی هەموو لایەنە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان نەگرێ، زۆر بێباکانە، کیژە کوردێ لەسێدارەبدات**

*** نووسەر و مامۆستای زانکۆ**

---

سەرچاوەکان:

١. مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكوردية، الجزء الثالث، ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥، ص ٢٧٥-٢٧٧.
٢. دیدار لەگەڵ خاتوو {خەرامانی فوواد مەستی} و دوکتۆر {ڕەشاد میران}.
٣. سایتەکانی ئینتەرنێت.

# چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان



د. ئەنوەر بەرزنجی*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر پێشکەوتنی چاودێریی تەندروستی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی هاوچەرخ رۆڵی گەورەی هەبێت لە کەمکردنەوەی مەینەتی و چاککردنی ژیانی مرۆڤایەتی و دواتر زیادکردنی رێژەی ئێستای دانیشتوان، ئەوا تەحەددایەکی تازەی هێناوەتە ئاراوە کە بریتییە لە لەنگکردنی هاوسەنگیی ناڕاستەوخۆی نێوان چڕیی پەرەسەندووی دانیشتوان و کەمبوونەوەی سامانی سروشتی لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بۆیە هەر یەك لە کاریگەرییەکانی زێدەبوونی رادەی بەکاربەریی جیهان و دیاردەکانی تێکچوونی ژینگە لە جۆری هەواو ئاوو خاك هاوسەنگییەکەی تێکداوە لە نێوان ئەوەی لە سامانی سروشتی دەستەبەرکراوەو لە نێوان ئەوەی کە دەکرێ درێژەی پێبدرێت، ئەویش لە چوارچێوەی سیستەمی ئایکۆلۆژی کە بوونی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیەمان لەباوەش دەگرێت، بۆیە ئاراستەیەکی تازە دێتە پێشەوە بریتییە لە جەخت کردنەوە لە گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزی لە میانی پەیڕەوکردنی سیاسەتگەلێکی کاریگەر بۆ پاراستن بەر لە چارەسەر ئەویش بۆ ئەوەی رێگە لە هۆکارەکانی نەخۆشی بگیرێت بەر لە روودان، هەروەها پارێزگاریکردنی هاوسەنگیی پێویست لە نێوان (Health of Nature)، گومانی تێدا نییە کە بایەخدان بە تەندروستیی سروشت لەرووی بنیادنان و ئایکۆلۆژیی ژیانەوە بەگشتی و کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پیشەسازی لە پێشینەی بەهەند وەرگرتن دێت، دیارە ئەوەی دەبێتە پاساو بۆ ئەو رێوشوێنە بریتییە لە بەڵگەی نەخۆشی و ئەو هەستەوەرییەی دوای سامانی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە جیهاندا پەرەدەسەنێت. بە پێچەوانەی ئەمەوەش زێدە بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی مرۆییدا نییە، لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی لەرادەبەدەریی داوودەرمان بۆتە هۆی هێنانەکایەی کەمیی بەرگریی سروشتیی مرۆڤ بەرامبەر بە میکرۆب لەوکاتەشدا وای کردووە کە کاریگەریی بۆماوەیی ئەو میکرۆبە زیندووانە بە تازەبوونەوە لە چوارچێوەی سیستەمی ئایکۆلۆژی پەرەبسەنێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە تاعونی رەش کە سێ یەکی دانیشتوانی کیشوەری ئەورووپای لەناوبرد زیاتر کاریگەریی بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی هەبێت. ئەمە سەرباری مەترسیی تازەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کوشندەی وەك (Ebola, HIV, SARS, Corona).

مرۆڤ دەتوانێت قەبارەی ئەو تەحەددیانە بزانێت بەمەبەستی گەیشتن بە سیاسەتێکی دانایانەی چاودێریی تەندروستی کە بە کۆمەڵگاکانی دوای جەنگەکان دەناسرێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا وەك حاڵەتی عێراق وایە تاکو دواجار بگەینە سیستەمێکی تازەی چاودێریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش بەوە دەکرێت ئاست و قەبارەیەکی تەواوی مافی چاودێریی تەندروستی بخرێتە بەردەست هاووڵاتی بە رادەیەکی بەرچاوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تاکو بەردەوام بێت لە چوارچێوەی ئەو رادەیەی کە حکومەت تەرخانی دەکات.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان دۆسێی چاودێریی تەندروستی لەگەڵ تەحەدداکانی ئەمنی لە بوارە چارەنووسسازەکاندا یەکانگیر دەبێت وەکو قەیرانی کوالیت و چەندایەتیی خۆراك کە دەخورێت، هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە ئاوی پاکی خواردنەوەو هەوای هەڵمژین. گومانی تێدا نییە کە لەناوچوونی گوندەکانی کوردستان و فەوتانی رووبەرێکی فراوانی دارستانی سروشتی

به درێژایی دەیان ساڵی رابردوودا (گوڵان ٨٧٧) و گردبوونەوەی دانیشتوانێکی زۆر لە شارەکان ناسەنگییەکی دیموگرافی لێکەوتەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ دیاردەی پیسبوونی هەوا (گوڵان ٨٣٥)، هەروەها دەبێ ئەوە بزانرێت کە سیستەمی خۆراك و چارەسەرکردن لە کوردستان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گۆڕانکاریی بەدوای خۆیدا هێنا، لە سیستەمی پشتبەستوو بە خواردنی خۆراکی فرێشی رۆژانە و چارەسەر بە گیادەرمان هەر لە کۆنەوە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لەوەڕگاییی (Agrarian society) ی ئێمەدا، بۆ سیستەمی خۆرکیی خێرا و چارەسەری کیمیاوی بە دەرمان کە بە کۆمەڵگەی تەکنیکاڵ (Technical society) ناوزەدکراوە، بۆیە لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە کاریگەریی خۆراکەکانی قوتووبەند، هەروەها ژەمی خێرای خۆماڵی لە مادده پارێزگەرەکان چەندین نیشتەنیی کیمیاویی پەیین و قڕکەرەکان لەخۆدەگرن لەو خۆراکانەی کە هاوردەدەکرێن تا بزانین قەبارەی کاریگەرییەکان بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان چەندە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێ بزانین قەیرانی ئاو لە بڕەکەیدا نییە بەقەد ئەوەی کە چەند مەترسییەکەی لە جۆری بەکارهێنانیدایە، چونکە قەبارەی چاوەڕوانکراوی مەترسییەکانی پیسبوون خۆی لەخۆیدا مەترسییەکە کاتێ دەرك بە کاریگەرییەکان بکەین لە دابەزینی خێرایی ئاوی دیجلە کە ئەمەش گرفتی تەندروستی لێکەوتەوە پەیوەست بە گورچیلە و ئەندامەکانی دیکەی جەستەی هاووڵاتیان.

ئەگەر دەوڵەتانی دراوسێ لە سیاسەتی گلدانەوەی ئاوی نێوان بەنداوەکانیان بەردەوام بن ئەوا رێژەی خوێاویبوون و کیمیاویی نیشتوو بە شێوەیەکی زیاتر لە رادەی رێگەپێدراوی نێودەوڵەتی دەگاتە ئێمە (گوڵان٨٠٧,٨١٧, ٨٧٧). بە گشتی گرفتەکانی ئاسایشی خۆراك و خاك و ئاو بەیەکداچوونە بەشێوەیەك کە قەیرانی تەندروستی لە کوردستان هێناوەتە ئاراوە، بۆیە بەڵگەی زۆری سەرەتایی هەن کە پێویستیان بە تۆمارکردن هەیە سەبارەت بە رێژەی زیادبوونی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی گورچیلەو گەدەو گرێی منداڵدانی ئافرەتان و جەڵتەی مێشك و دڵ لە نێوان توێژی لاواندا، سەرباری زێدەبوونی شێرپەنجەو هەستەوەری لە نێوان دانیشتوانی کوردستاندا (کولان ٨١٣).

لە رووی جیهانییەوە لە ئێستادا بۆ هەر ٣٠٠ هاووڵاتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەك پزیشك هەیە، بەڵام لەعێراقدا دوای شەڕەکان ئەم رێژەیە دابەزیوە و بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە ٢٠١١ بۆ ٧,٨ پزیشك بۆ هەر ١٠٠٠٠ هاووڵاتی، هەروەها رێژەی کارمەندانی کەرتی تەندروستیی عیراق بۆ ٠,٦ بۆ ١٠٠٠ لە ساڵی ٢٠١٠، ئەمەش بەرامبەر ٢-٣ جاران کەمتر لەوەی لە دەوڵەتانی دراوسێی وەك ئەردەن و لبنان هەیە.

لە لایەنی کوالیتی بەڕێوەبردنی سیستەمی تەندروستی لە کوردستان دەبینین کە پێویستییەکی زۆرهەیە بۆ بەستنەوەی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بە بەڕێوەبردنێکی پەرەپێدراو لە دەرەوەی کادیری پزیشکی و جیاکردنەوەی نێوان کاروباری کارگێڕی و دارایی لەگەڵ لایەنی تەکنیکیی پزیشکی. هەروەها پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی لای کادیری پەرستیاریی تاکو لە رووی پیشەیی و زانستییەوە شارەزایی زیاتر بەدەست بێنێت.

هەروەها وا پێویست دەکات ئەو شارەزاییانە بە رەفتارێکی بەرزتری مرۆیی و پیشەیی موتربە بکرێت بۆ زیاتر بایەخدان بە چاودێریی تەندروستیی هاووڵاتی. بۆیە دان بەوەدا دەنێین کە تا ئێستا کەمتەرخەمی لە یاساکانی چاودێریی تەندروستی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا. بە تایبەتی یاساکانی بواری کوالیت کۆنترۆڵی داوودەرمان و لە چوارچێوەی دەسەڵاتگەلێکی فراوانتر لەوەی کە ئێستا هەیە کە ئەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێری کردنی هێنان و بازرگانی کردن بە داوودەرمان بە شێوەیەکی رێکتر، لە لایەکی دیکەی هاوکێشەکەشەوە پێویستە هۆشیارییەکی ژینگەیی و تەندروستی لای تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێزبکەین، چ لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە یاخود لە مزگەوت و کڵێساکان و یانەو دیدارو کۆمەڵەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستە سیاسەتێکی گشتگیری چاودێریی تەندروستیی لە کوردستان بخەینە چوارچێوەیەکەوە کە بڕوای تەواومان بە رێگەکانی خۆپاراستن و شێوازەکانی چارەسەرکردن هەبێت، کە دواتر بەم چاودێرییە تەندروستییە بە شێوەیەکی ئەرێنی ببێتە فاکتەرێك بۆ بەرهەمهێنان لای تاك و کۆمەڵگە.

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە شێوازەکانی خۆپاراستن و کاریگەرییەکان بە سیستەمی چاودێریی تەندروستی هەرێمی کوردستان ببەستینەوە کە ئەمەش وا دەخوازێت چەمك و پێوانەکان بەهەند هەڵبگرین تاکو نەخشەی سیاسەتێکی تەواوی تەندروستی و درێژخایەن دابڕێژین بەم شێوەیە:

- گرتنەبەری سیاسەتێك بۆ ئاساییشی نەتەوەیی کە پشتبەستووبێت بە تێکەڵکردنی چاودێریی تەندروستی و پەرەپێدانی وەك بنەمایەك بۆ داخوازییەکانی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی بەرهەمی نەتەوەیی درێژخایەن.
- خستنەڕووی کارنامەی بەرنامەیەکی پەرەپێدانی دەزگا تەندروستییەکان (Institutional capacity building) و چاوخشاندنەوە بە هەیکەلبەندیی کارگێڕی و تەکنیکی و کارکردن بۆ بەشداری پێکردن و گەڵاڵەکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لە بنیاتنانی دامەزراوەیی پێوەندیداردا.
- گەڵاڵەکردنی بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدانی کادیری پزیشکی (Personal capacity building) و بە تایبەتیش کادیرانی مامناوەندیی کارگێڕیی پەرستیاریی کە ئەمڕۆ بە تەگەرەیەکی سەرەکی دادەنرێت.
- پشتبەستن بە فاکتەری ژینگە وەك هێمایەك بۆ تەندروستی و سەلامەتیی سروشت و بەستنەوەی بە تەندروستیی گشتیی لە کوردستان بە شێوەیەکی ستراتیژییانە.
- زیندووکردنەوەی کەلەپووری دێرینی گیادەرمان لە کوردستان کە لە ئێستادا لە پاڵ پزیشکی مۆدێرن رەواجێکی زۆری هەیە.
- لەخۆگرتنی چەمکەکانی پاراستنی ژینگەو سەرمایەی سروشت و پەرەپێدانی کارگێڕیی تازەی پێوەندیدار کە بە تەواوی پشت بە بنەماکانی پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable development) دەبەستێت.
- پشتبەستن بە بنەماکانی سەرەوە وەك پێوەرێك بۆ سوودی هەر پرۆسەیەکی گواستنەوەی زانیاری (Transfer of knowledge) لە کەرتی تەندروستی و بۆ توانای لایەنە پێوەندیدارەکان.

*** راوێژکاری دێرین لە پەرەپێدانی بەردەوام**

**لەئێستادا لە هەرێمی کوردستان دۆسێی چاودێریی تەندروستی لەگەڵ تەحەدداکانی ئەمنی لە بوارە چارەنووسسازەکاندا یەکانگیر دەبێت وەکو قەیرانی کوالیت و چەندایەتیی خۆراك کە دەخورێت، هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە ئاوی پاکی خواردنەوەو هەوای هەڵمژین**

**لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستە سیاسەتێکی گشتگیری چاودێریی تەندروستیی لە کوردستان بخەینە چوارچێوەیەکەوە کە بڕوای تەواومان بە رێگەکانی خۆپاراستن و شێوازەکانی چارەسەرکردن هەبێت**